*Journal of Language Studies.* Vol.7, No.3, 2023, Pages (83-114)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.3.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# "The Art of Monologue" is published in The Short Novel of Mullazm Tahsin and other things by Farhad Pirbal.

**Lecture. Soran Mamand Adullah** *
**Salahaddin University – College of Languages**
Soran.abdullah@su.edu.krd

**Received:** 12 / 7 /2023 , **Accepted:** 17 / 9 /2023, **Online Published: 30 / 11 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

This study ،titled "The Art of Monologue" is published in The Short Novel of Mullazm Tahsin and Other Things by Farhad Pirbal**.** It is clear that the art of monologue between narrative theories in modern and modern literature is unique ،because it has direct contact with other elements within the novel ،especially the characters. Although this art existed in other classical narrative genres ،it only included a simple and more external form of the characters ،so along with the appearance of theories. Psychologists and psychoanalysis (Freud ،Jung and Adler... He has been involved in literary studies in general and novels in particular. The art of monologue is separated by the use of cross-sections and personal pronouns according to the type of monologue that changes ، sometimes it wants the writer to express a monologue in a way that the writer makes a sound ،and he speaks in his face ،because many writers think that it is a disorder of the monologue. Among them is Adon ،so monologue is a very important technology ،and for today the novel is very important by the novelists ،because the individual can go deep inside the character ،the thought ،the mind ،the heart ،the mind ،the heart ،he is the one

* **Corresponding Author** Soran Mamand**, Email: Soran.abdullah@su.edu.krd**لا
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

who hears the word ،and he hears it. It has expanded into novels. In this study ،it is briefly mentioned that some of the important opinions of foreign and Kurdish scholars and writers about monologues and genres in novels ،so it is important for us to understand how Kurdish literature and our novelists felt the importance and necessity of this technical art of narration ،as well as how Farhad Pirbal embodied and reflected it in his short novel (Molazm Tahsin and Other Things).

**Keywords:** monologue ،types of monologues ،novels ،mullazm tahsin and other things.

# "فن المونولوج" في رواية القصيرة "ملازم تحسين وأشياء أخرى" لفرهاد بيربال نموذجا.

**م. سۆران مامند عبدالله**
**جامعة صلاح الدين – كلية اللغات - قسم اللغة الكردية**

**المستخلص**

عنوان بحثي هذا "**فن المونولوج" في روايةالقصيرة "ملازم تحسين وأشياء أخرى**" **لفرهاد بيربال نموذجا**. من الواضح أن فن المونولوج فريد من نوعه بين النظريات السردية في الأدب الحديث والمعاصر، لأن له اتصال مباشر بالعناصر الأخرى داخل الرواية، وخاصة الشخصيات. على الرغم من أن هذا الفن كان موجودا في العناصر السردية الكلاسيكية الأخرى ، إلا أنه تضمن فقط شكلا بسيطا وأكثر خارجية للشخصيات.

مع ظهور النظريات علماء النفس والتحليل النفسي ل(فرويد ، يونغ وأدلر ...) ظهرت فن المونولوج في الدراسات الأدبية بشكل عام والروايات بشكل خاص. من خلال استخدام ضمائر المتصلة و ضمائر التملك نستطيع ان نعرف نوع المونولوج الموجود في الرواية الذي يتغير حسب نوع المونولوج. أحيانا يريد الكاتب أن يعبر عن مونولوج بطريقة بحيث يصدرالشخصية صوتا ويتحدث مع نفسه، لأن الكثير من الكتاب ومنهم (كودن) يعتقدون (التحدث مع الذات) نوع من انواع المونولوج. لذا فإن المونولوج تقنية مهمة للغاية و خاصة في العناصر السردية، لأنه تكنيك الوحيد التي يمكن أن يتعمق في فكر وعقل و قلب الشخصية، واظهار مايجول في افكارهم، لان المونولوج كلمات لم يسمعه احد من قبل و يتم اظهاره لأول مرة. لذلك اهتم الروائيون بفن المونولوج و توسعت افاقه . في هذا البحث تم الأشارة الى بعض الآراء المهمة للباحثين والكتاب الأجانب والأكراد حول المونولوجات والأنواعها في الروايات، لذلك من المهم بالنسبة لنا أن نفهم كيف شعر الروائين الكرد

بأهمية وضرورة هذا التكنيك السردي، وكيف جسده "فرهاد بيربال" وعكسه في روايته القصيرة (مولاز تحسين وأشياء أخرى).

**الكلمات الدالة:** مونولوج، أنواع المونولوجات، الروايات، ملازم تحسين وأشياء أخرى.

# هونەری مۆنۆلۆگ لە کورتەڕۆمانی(ملازم تەحسین و شتی تریش) ی "فەرهاد پیربال"دا.

**د. سۆران مامەند عەبدوڵڵا**

**زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان- بەشی زمانی کوردی**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(هونەری مۆنۆلۆگ لە کورتەڕۆمانی( مولازم تەحسین و شتی تریش)ی( فەرهاد پیربال)**دا کراوە. هونەری مۆنۆلۆگ لەنێوان تیۆرەکانی گێڕانەوەناسی لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا بابەتێکی بێهاوتایە، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەوە هەیە، بەتایبەتی کارەکتەرەکان. ئەگەرچی ئەم هونەرە لە ژانرەکانی دیکەی گێرانەوە کلاسیکییەکانیشدا بوونی هەبووە، بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی سادە و زیاتر دیوەی دەرەوەی کارەکتەرەکانی دەگرتەوە، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆرەکانی دەروونناسی و شیکردنەوە دەروونییەکانی (فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر...تاد)، بەشێوەیەکی بەرچاو هاتووەتە ناو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی. هونەری مۆنۆلۆگیش هەندێکجار وا دەخوازێت بەشێک نووسەر مۆنۆلۆگ بەجۆرێك دەربېرێت، کە کارەکتەر دەنگی لێوە دێت و دواندن دەکات و لەبەرخۆیدا دەدوێت، چونکە نووسەران پێیان وایە خۆدواندن بەشێکە لە مۆنۆلۆگ. لەوانەش(کودن)ە. بۆیە مۆنۆلۆگ تەکنیکێکی زۆر گرنگە و پێشکەوتووە و بۆ ئەمڕۆی ڕۆمان لەلایەن ڕۆماننووسان زۆر گرنگی پێدەدرێ، چونکە تاکە هونەرە دەتوانێت بچێتە قووڵایی ناخی کارەکتەر و کەسایەتییەکانەوە و بیرکردنەوە و زەین و هەست و دڵ و دەروونی کارەکتەر و حەز و ئارەزووی ناخی خود ئاشکرا بکات و زانیارییە نهێنییەکان بگەێنێت بە خوێنەر و گوێگرەوە، ئەڵبەتە مۆنۆلۆگ قسەیەکی نوێ و نەبیستراو گۆ نەکراوە، کە پێشتر کەس گوێی لێنەبووە و پێی ئاشنا نەبووە و زانیاریی و شتی کتوپڕ دەخاتەڕوو، کە پێشتر چاوەڕوانی ئەم قسانە و شتە کتوپڕ و بیرە نوێیانە لە کارەکتەر نەکراوە بەمەش بایەخ و گرنگی مۆنۆلۆگ هێندەی دیکە بەدەرکەوت و فراوان بووە لە ناو دەقی ڕۆمان و چیرۆکی نوێدا. لەم توێژینەوەیە بەکورتی ئاماژەکراوە بە هەندێک ڕاوبۆچوونی گرنگی توێژەر و نووسەرانی بیانی و کورد دەربارەی مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لەناو ڕۆماندا، بۆیە گرنگە ئێمەش بزانین ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆماننووسانمان چۆن هەستیان بەگرنگی و پێویستی ئەم هونەرە بەرزەی گێڕانەوە کردووە، هەروەها "فەرهاد پیربال" لەناو کورتەڕۆمانی( مولازم تەحسین و شتیی تریشی)دا چۆن بەرجەستەی کردووە و مەرزاندوویەتی.

**وشە سەرەکییەکان:** مۆنۆلۆگ، جۆرەکانی مۆنۆلۆگ، ڕۆمان، مولازم تەحسین و شتی تریش.

## پێشەکی

ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەردەم دەستی بەسەر دونیای ئەدەب و ئاراستەکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی داگرتووە و باڵی بەسەریاندا کێشاوە، بە مانای ئەوەی ڕۆمان بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی و بابەتێکی سەردەمی و پێویستییەکی ژیان لە چوارچێوەی هونەر و مەعریفەدا.

مۆنۆلۆگ بەشێکە لە کارەکانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە ئەم هونەرە بەشێکی گرنگی پرۆسەی گێڕانەوەسازی پێکدەهێنێ، بووەتەهۆی بەرەوپێشبردنی هونەرەکانی گێڕانەوە، لە گێڕانەوەی ڕووت و وشك و کلاسکییانە هەنگاوی ناوە بەرەو گێڕانەوەیەکی نوێ و مۆدێرن لە ژانری ڕۆمان دا.

مۆنۆلۆگ هونەرێکی گێڕانەوەیە بە مەبەستی پێشکەشکردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، بەبێ ئەوەی ئەو کەسە دەنگی لێوە بێت لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت ڕۆماننووس لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە لایەنە شاراوەکانی دەروون و ناخ و زەینی کارەکتەرمان بۆ دەخاتەڕوو، چونکە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر، ئەم هونەرە وەکو هونەرێکی گێڕانەوە زیاتر لە ڕۆمانی دەروونیدا بەکاردێت، کە لە ئەنجامی کار و ڕووداوە دەرەکییەکان سەرچاوە دەگرێت و بایەخ بەکاردانەوەی دەروونی و زەینی کەسەکان دەدات لەبەرانبەر هەندێك ڕووداو دیاردەکاندا، هەروەها مۆنۆلۆگ تەنیا لە سنووری ئاشکراکردنی ناخی کەسایەتییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو بەشداری لە پێکهاتەکەیدا دەکات. جگە لەمانە ڕۆماننووس بەهۆی مۆنۆلۆگەوە دەتوانێت ماوەی کات و شوێنەکان ببڕێت و ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش ئاوێتەی یەکتر بکات، بەتایبەتی لەم کاتەی پەنا دەبات بۆ زەین و شەپۆلی هۆش لە کاتی گێڕانەوەدا، لەم کاتانەی کە بە فلاشباك بۆ ڕابردووی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، یان یادەوەرییەکانی بیردەکەوێتەوە، چونکە لە مۆنۆلۆگدا کارەکتەر پابەند دەبێت بە بیرکردنەوە و لایەنی دەروونی خۆی. مۆنۆلۆگ پێچەوانەی دایەلۆگە و هێندە گوێ بۆ کەسایەتییەکی دیکەی بەرانبەری نادات، ئەمەش خاسیەتێکی گرینگی مۆنۆلۆگە. لە مۆنۆلۆگدا هەندێکجار بوار بە نووسەر نادات و نووسەر بەشداری ناکات لەگێڕانەوەکاندا، واتە کارەکتەر ناکەوێتە ژێر کاریگەری و ڕکێفی ڕۆماننووسەوە، بەڵکو کارەکتەر خۆی دەبێتە گێڕەرەوە. باسی ناخ و هەست و دەروونی خۆی دەکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی هیچ کەسێك و گوێگرێك بکات، کەچی هەندێکجار نووسەر خۆی ئامادە دەبێت لە کاتی گێڕانەوەدا لە ناخی کارەکتەردا، بەمەش وەرگر بە ئاسانی هەست بە بوونی ڕۆماننووس دەکات.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوە لە دوو بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم: ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: (** چەمك و پێناسەی مۆنۆلۆگ، هۆیەکانی بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ، ئەرکی مۆنۆلۆگ لەناو ڕۆماندا، جۆرەکانی مۆنۆلۆگ، جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی مۆنۆلۆگ.

**بەشی دووەم:** کە بەشێکی پراکتیکییە پێکهاتووە لە بەکارهێنانی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە ناو کورتەڕۆمانی(مولازم و تەحسین و شتی تریش)ی "د. فەرهاد پیربال"ە. بەنموونە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** سروشتی توێژینەوەکەمان بەرەو میتۆدی دەروونشیکاریی ڕاماندەکێشێت.

**سنووری توێژینەوەک:** سنوری توێژینەوەکەمان سنوورێکی دیاریکراوە، کە خۆی لە هونەرێکی گێڕانەوە دەبینێتەوە، کە ئەویش (مۆنۆلۆگ)ە، لەنێو کورتەڕۆمانێکدا.

لەکۆتایدا ئەنجامەکان، لەچوارچێوەی چەند خاڵێکی گرنگ دەستنیشانکراون، دواتر سەرچاوەکان بەپێی ناسناوی نووسەرەکان ڕێز و پۆلینبەند کراون.

١. ١. چەمك و پێناسەی ((مۆنۆلۆگ))

سەرەتا بە پێویستی دەزانین لە وشەکەوە دەست پێ بکەین لە چی هاتووە و مانای چی دەگەیێنێ، بۆیە زاراوەی (مۆنۆلۆگ) "Monologue" وەك زۆربەی زاراوەکانی دیکەی بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی ((زاراوەیەکی گریکییە کە لە لێکدانی هەردوو، وشەی(monos) واتە (تاك) و (logos) بە مانایی قسەکردن دروستبووە) ( محمد، 2007، ل183).

لەناو دەقدا (تاك)، یان کارەکتەرە، وەك تەنێکی زیندوو جووڵەی هەیە و قسەدەکات، زۆرجار ئەو قسەکردنەی لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو دەقەکەیە و هەندێجاریش قسەکردنەکەی تەنیا لەگەڵ خۆیەتی و خۆی دەدوێنێ و گرنگی بە هەبوونی ئەوانی دیکە نادات، یان لایەنی کەم چاوەڕوانی ئەوە ناکات کەسێك هەبێت وەڵامی قسەکانی بداتەوە. لە (مۆنۆلۆگ)ی ناو دەقدا، تاك قسەدەکات و هەمان ئەو تاکەش گوێگرە، بۆیە ئەو کێشەیەی کارەکتەری سەرەکی، یان کارەکتەر لێیدەدوێ کێشەی خودی کارەکتەرەکەیە و دەیەوێ خۆی بابەتەکە چارەسەر بکات دوور لە وەرگرتنی بۆچوونی ئەوانی دیکە، یان ڕێگەدان بە خۆتێهەڵقورتاندنیان) ( هەمان سەرچاوە، ل183).

ئەگەر مانای دایەلۆگ، تا ماوەیەکی درێژ قسەی نێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتر بگەیێنێ لە دەقی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی گشتی و چیرۆك و ڕۆمان بەتایبەتی بۆ گەیاندنی مەبەست و مەغزیایی تایبەت لەناو ڕۆمان، یاخود چیرۆکدا، کە چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس بەکاریدەهێنێت، واتە بە مانای دایەلۆگ(dialogue)هاتبێ، ئەوا ئەم مانا سادە و ساکار و لاسایکەرەوەیە لە ژێر کارتێکردنی جۆر و شێوازەکانی گێڕانەوەدا گۆڕانی بەسەرداهات و لە ئەنجامدا جۆرێکی دیکەی لە دایەلۆگ هاتەکایەوە، کە تەنانەت تاکە کەسێکیش بە تەنیا توانای سازدانی هەیە، کە ئەویش (مۆنۆلۆگ)ە، (Monologue) مۆنۆلۆگیش ((ئەو هونەرەیە، کە بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی دیوی ناوەوەی کەسەکان بەکاردەهێنرێت)). ( صابر، 2001، ل260). وەنەبێ ئەم تەکنیکە نوێیە هەر لە ناو ڕۆمان و چیرۆکدا هەبێت و بەکاربێت، بەڵکو لەناو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیشدا خۆی دەبینێتەوە و شاعیرانی هاوچەرخ بە شێوەیەکی بەرچاو گرینگیان پێداوە، چونکە شاعیر دەروونناسانە و گەورەترین هەڵومەرجی واقیعی بە جیهانبینی ڕەها دەکات، جیهانبینی شاعیر لە خانەی هزر و ئاوەز دایە و شاعیر دەستبەرداری ئەو کۆتانە دەبێ، کە لە ناوەوەی قوڵپ دەدەن، نەك ئەوانەی لە دەرەوە پەلاماری دەدەن، هەروەك لەم بوارەدا "ڕیچاردز" دەڵێت: (( شاعیر هونەرمەندێکە گرنگی نادات بە ڕێگەی ئاگایی بۆ مەبەستی دەربڕین، بەڵکو هەموو ئەرکی بریتییە

لە دروستکردنی شتێکی جوان لەناخیدا، یاخود شتێکی خۆیەتییە لە ڕوانگەی لێڵ و هێماوە دەربڕین لە هەست و دەروون دەکات)). (محمود، 2008، ل148-150).

بۆیە ئەم هونەرە نوێیە پانتاییەکی گەورەی لە دنیای ئەدەبدا گرتووە، بە هەموو جۆر و ژانر و بەشەکانییەوە لەسەرووی هەمووشیانەوە چیرۆکی نوێ و ڕۆمان، هەروەها مۆنۆلۆگ پەیوەندییەکی کۆنکریتی بە هەموو ڕەگەز و تەکنیکەکانی دیکەی ڕۆمانەوە هەیە و ناتوانێت لێیان جیاببێتەوە و مانا بدات بە دەستەوە، چونکە مۆنۆلۆگ هونەرێکی پێویست و گرنگە بۆ شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەرەکان ئاشکراکردنی کۆمەڵێک نهێنی نەزاندراو لەسەر ڕەوتی ڕۆمانەکە...هتد.

بۆیە بە پێویستی دەزانین چەند پێناسەیەکی (مۆنۆلۆگ) بخەینەڕوو لە ڕوانگەی چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی جیاواز لە بواری ئەدەبدا، کە هەریەکەیان چۆن باسیان لەو هونەرە نوێیەی ڕۆمان و چیرۆك کردووە و چۆن ڕەنگیداوەتەوە لەنێو هونەرەکانی گێڕانەوەی جیهانیی و کوردیدا.

- (ئیدوارد دوجاردی) یەکەم کەسە، کە ئەم هونەری بەکارهێناوە و دەڵێت: مۆنۆلۆگ ((چارەسەرکردنی بیرە شاراوەکانی نزیك ناوچەی ناهۆشە)). ( حەمید، 2011، ل190). ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین دەبینین پێچەوانەی پێناسەکەی (ڕۆبەرت همفری)یە، چونکە (ڕۆبەرت همفری) لە بارەی ئەم هونەرەوە، کە (مۆنۆلۆگ)ە، دەڵێت: (ئەم تەکنیکە بۆ پێشکەشکردنی هۆش و چارەسەرکردنییەتی، ئیدی لە هەر ئاستێك لە ئاستەکاندا بێت، واتە تەنیا ئاستی ناهۆشی ناگرێتەوە، بەڵکو گرنگی بە هەموو پێکهاتەکانی هۆش و کردارەکانی دەدا، نەك تەنیا یەکێکیان). (همفری، 1975، ص44). کەواتە هەست بەوە دەکەین ئەم تەکنیکە هونەرییەش، وەکو هەر تەکنیکێکی دیکەی هەڵگری کۆمەڵێك ڕاو بۆ چوونی جیاوازە و مشتومڕی لە بارەی باسکردن و پێناسە و تەنانەت لە دیاریکردنی جۆرەکانی (مۆنۆلۆگ)یش، بە ئاشکرا دیارە و هەستی پێدەکرێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم هونەرە کەموکوڕی هەیە و هونەرێکی تەواو نییە، نەخێر بە پێچەوانەوە هونەرێکی گرنگ و بەبایەخە ئەم جۆرە جیاوازییە لە بیروبۆچووندا لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگراندا شتێکی ئاساییە، لە ڕاستیدا بوونی ئەو ڕاوبۆچوونە جیاوازانە سەرکەوتن و پێگەیشتووی ئەم هونەرە دەگەینێ...هتد. هەوڵدەدەین ئەم ڕاو و بۆچوونە جیاوازانە بخەینەڕوو، بە وردی باسیان لێوە بکەین.

- (تزفتیان تۆدۆرۆڤ) لەم بارەیەوە، دەڵێ: ((مۆنۆلۆگ تۆێکارێکی هۆشی کەسێتییە لە چیرۆکدا)). ( محمد، 2009، ل182). هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا، (ڕۆبەرت همفری) دەڵێت: ((ئەو جۆرە تەکنیکەیە، کە باری دەروونی کەسایەتییەکان و کردە سایکۆلۆجییەکانیان پێشکەش دەکات لە ساتێکدا، لە چەند ئاستێکی جیاوازی ڕێکخراوەی هۆشدان، بەرلەوەی وەك دەربڕین گەشە بکەن و لە شێوەی وشە و ڕستەکاندا گوزارشتیان لێ بکرێت)). ( هەمان سەرچاوە، ل181) واتە؛ پێویستە ڕۆماننووس لەکاتی خوڵقاندنی کەسێتیەکانی ڕۆمانەکەیدا، ئەو ویست و هەڵچوونانەی لە دەروونیاندا، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە دیاردەیەك، یان ڕووداوێك بەرپا دەبێت، هەر لە سەرەتای درووستبوونیاندا و بەبێ ئەوەی گوزارشتیان لێکرابێت و دەربڕابن هەستیان پێبکات و ئاشکرایان بکات، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە هۆش و بیری مرۆڤ لە ئاستێك دایە، کە

پێیدەوترێت: (ئاستی بەر لە گووتن)، ((ئاستی بەر لە گووتنیش، ئاستێکە، کە خۆی بە دەست پرۆسەکانی چاودێریکردن، کۆنترۆڵکردن، ڕێکخستنەوە نادات و بارێکی ناجێگیری هەیە)). (هەمان سەرچاوە، ل181).

- (حسین عارف) لە بارەی (مۆنۆلۆگەوە) دەڵێت: (( واتە قسەکردن لەگەڵ خۆدا، باشترینە. ئەم شێوەیەش یەکێکە لەم تەکنیکانەی داهێنەرانی ڕێبازی شەپۆلی هۆشە لە هونەری چیرۆکنووسیندا بەوە بەناوبانگە کە هەر چەندە دیوی دەرەوەی مرۆڤ لە هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەڵام پتر بایەخ بە دیوی ناوەوەی دەدا و شۆڕدەبێتەوە بۆ ناخی و جڵەوی بۆ شلدەکات، کە بەبێ سڵکردنەوە لە هەست و نەست و خواست و ئاوات و نیاز و ڕازی خۆی بدوێ)). (عارف، 1970، ل8).

واتە؛ هەموو ئەو حەز و ئاوات و ئارەزووانە بخاتەڕوو کە بە کپکراوی لەناو هەست و زەین و هۆش و ناخیدا پەنگیانخواردۆتەوە، بەبێ هیچ ترسێك. لە پێناسەیەکی دیکەیدا هاتووە ((مۆنۆلۆگ ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوەیە بە مەبەستی پێشکەشکردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤ بە کاردەهێنرێت. واتە؛ بەبێ ئەوەی ئەو کەسە دەنگی لێوە بێت لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت ڕۆماننووس لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە لایەنە شاراوەکانی دەروونی کەسایەتییەکان دەخاتە ڕوو)). ( خدر، 2007، ل108).

- کەواتە (مۆنۆلۆگ) ئەو بیرانەیە، بە چەند ڕستەیەکی کورتی ڕێزمانی دەردەبڕێن.

هەربۆیە کاتێ ڕۆماننووس پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆماندا هەست بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئەزموونی ژیانی ئەو کەسایەتییە دەکەین، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك دەرببڕێت، چونکە مۆنۆلۆگ لە ڕۆماندا (ئامرازێکە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خوێنەر دەهێنێتەوە ناو ژیانی ناوەوەی کەسایەتییەکە بەبێ بەشداریکردن لەلایەن نوسەرەوە، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە و لەسەر ڕۆیشتن و دەربڕینی بیری تایبەت، ئەوەیە کە لە بابەتی بێ ئاگایی نزیکە). ( خورشید، 2015، ل22).

- (حسێن عارف) لە کتێبی (چیرۆکی نوێی کوردی)دا، لەبارەی ئەم هونەرەوە کە مۆنۆلۆگە، دەڵێت: ((مۆنۆلۆگ لە هەموو جۆرەکانی تری تەکنیك زیاتر لە چیرۆکی نوێماندا بەکارهاتووە، واتە دیوی نەستی/ لا شعوری، کەسەکە بەکاردێت، کە لە ئەنجامی تیۆرەکانی فرۆیدەوە لەبارەی شیکردنەوەی دەروون هاتە کایەوە)). ( حسن، 2009، ل156). کەواتە خواست و نەستەکانی مرۆڤ کەوتۆتە قووڵایی ناوەوەی مرۆڤ و لە هەمبەر(منی باڵا) و دابونەریتدا دژیەك ڕاوەستاون و هەر بەمجۆرە بۆ دەربڕینی ئەم خواستە شاراوانە، کارەکتەری مرۆڤ دەخاتە نێو ڕەوشتی خواستە کپکراوەکانی بۆ ئەمە پەنا دەبات بۆ خۆدواندنێکی بێدەنگانە، واتە خاوەن مۆنۆلۆگەکە دوانێکی ڕاستەوخۆ و نائاشکرای لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ کەسێك بکات، یاخود هیچ وەڵامێك بکات، کە بەرامبەر قسەکانی دەدرێتەوە هەر ئەوەشە وایکردووە، بەبێ ترس قسە بکات.

کەواتە مۆنۆلۆگ گێڕانەوەی ڕووداو و باس و بەسەرهاتێکە لەلایەن کارەکتەرێکی ڕۆمانەوە تەنیا ((لە خۆیەوە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە)). (قادر، 2009، ل87). واتە؛ کەسێتییەکە لەناو خودی ناوخۆییەوە دەکەوێتە قسەکردن و پرسیارکردن و وەڵامدانەوە و دڵنیا بوون و گومانکردنی

دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە نائارامی هەندێکجار بە ئارامی و خەیاڵ و کردەوەی جوان و ناشیرین بە بیر و هزر و مێشك دادێت و دەچێت...هتد. لە دیاردە و ڕووداو و شتەکان، بێ ئەوەی هیچ کارەکتەرێکی دیکە بەشداری ئەم گێڕانەوەیە بکات و کاریگەری بەسەریەوە هەبێت. هەر لەم بارەیە جارێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکەدا (ڕۆبەرت همفری) دەڵێت: ((ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە بایەخ بە بیرەوەری نووسەر نادات، وایشی دادەنێ هیچ گوێگرێك لە ئارادا نییە)). (حەمید، 2011، ل194). ڕۆماننووس خۆشی بەمەبەست پەنا بۆ مۆنۆلۆگ دەبات، چونکە دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیارییەتی و پرسیارەکانی ناو ناخی کارەکتەر بپارێزێت و بەخوێنەر، یاخود گوێگر بڵێت: ئەوە کارەکتەرە خۆی گوزارشت لە هەست و ناخ و ئارەزووە کپکراوەکانی خۆی دەکات، نەك من، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەموو دۆخەکاندا ڕۆماننووس بێبەش نییە لە ئاوێتەکردنی هزر و دیدگا و ئایدیۆلۆژیایی خۆی لەناو گێڕانەوەکاندا کە لەسەر زاری یەکێك لە کارەکتەرەکانی دەیانخاتەڕوو.

کەواتە ئەرکی مۆنۆلۆگ تەنیا لە سنووری ئاشکراکردنی ناخی کەسایەتییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو بەشداری لە پێکهاتەکەیدا دەکات. جگە لەمە ڕۆماننووس بەهۆی مۆنۆلۆگەوە دەتوانێت ماوەی کات و شوێنەکان ببڕێت و ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش ئاوێتەی یەکتر بکات. ئەمەش بە زۆری لە ڕێگەی تەداعی بیر و شەپۆلی هۆشەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێت، تەداعی بیریش/ شەپۆلی هۆش: ((جۆرێکی مۆنۆلۆگی ناوەوەیە، بەوەی پشت بە یاد و بیرەوەری و زانیارییەکانی زەین(الذهن) دەبەستێت. بێژەری تەداعی کاتێك بەکاردەهێنرێت، کە باس لە پێوەندی واتایەك بە واتایەکی ترەوە دەکرێت، یان کاتێك واتایەکی تر بورووژێنێت کە پێشتر لە تاقیکردنەوەکانیدا گەنجینە کراوە و پەیوەستە بەم واتایەوە)). ( خدر، 2007، ل108). زۆرجار ئەوەی لە مۆنۆلۆگدا بەرچاودەکەوێت ڕاستگۆیی و بوێری و چاونەترسی و ئێش و ئازار و نەهامەتی و توندوتیژی و دامرکانەوە و کپکردنە بە ئاشکرا لەناو مۆنۆلۆگەگاندا لەلایەن کارەکتەرەکانەوە دەبیندرێت و هەستیان پێدەکرێت، چونکە مۆنۆلۆگ: ((ڕاستگۆ و دەربڕ و ویژدانییە مرۆڤ هەست بە دەروونی ئازارکێش دەکات، هەروەك خۆی ئەم ئازارە بکێشێ وایە، لە دایەلۆگی ئاسایی جیایە، چونکە کارەکتەر خۆی قسەکەرە و هەر خۆیشی گوێگرە)). (حەمید، 2011، ل193).

بەهۆی مۆنۆلۆگەوە، لە پاڵ ئەوەی لە دڵ و دەروون و هەستی کەسێتییەکەوە، یاخود کارەکتەرەکە شارەزا دەبین، دەتوانین خوێندنەوەیەکی ووردیش بۆ بیرۆکە و تێگەیشتنەکانی بکەین، چونکە مۆنۆلۆگ: ((قسەیەکی نەبیستراو و گۆنەکراوە، کەسێییەتی بە هۆیەوە گوزارشت لە بیرۆکەکانی ناخی خۆی دەکات)).(قادر، 2009، ل87)

- کەواتە دەکرێ ئەم قسە گۆنەکراوانە بەر لە گووتنیان گۆڕانکاریان بەسەر دابێت لە قسەی ئاسایی خەڵك نزیك ببێتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە یاساکانی زمانی تێکبشکێنێ بە تایبەتی لە حاڵەتی ناهۆشیدا و شپرزەیی دەربڕینەکان لەلایەن کارەکتەرەوە.

- (عبداللە سەڕاج) لەبارەی مۆنۆلۆگەوە، دەڵێت: ((ڕۆماننووس بەهۆی دوانی ژوورەوە(مۆنۆلۆگ) وێنەی کەسایەتییەکانمان بۆ دەکێشێ )). (سەڕاج، 2007، ل 13) لە پێناسەیەکی دیکەی مۆنۆلۆگدا (ئیدوارد دوجاردین) دەڵێت: ((ڕێگەیەکە بۆ بردنە ناوەوەی ڕاستەوخۆی خوێنەر بۆ ژیانی ناوەوەی کارەکتەر، بەبێ هیچ خۆ تێکەڵکردنێك لەلایەن نووسەرەوە بەهۆی ڕاڤەکردن و

سەرنجدانەوە)). (حەمید، 2011، ل193). واتە؛ تاڕادەیەك ئەم هونەرە نوێیە ئەركی سەر ڕۆماننووسی كەمكردووەتەوە لەوەی خوێنەر چاوەڕێی ڕۆماننووس بكات، هەموو شتێك لە بارەی كارەكتەرەوە بڵێت و بە خوێنەری بناسێنێت، بەڵكو ئیتر كارەكتەر خۆی خۆی دەناسێنێت بە خوێنەر، بەمەش ئاوێتەبوونێك دروست دەبێت، لەنێوان خوێنەر و كارەكتەری ڕۆماندا. كەواتە مۆنۆلۆگ (گێڕانەوەی ڕووداو و باس و بەسەرهاتێكە لەلایەن كەسێییتی ڕۆمانەوە تەنیا لە خۆیەوە بۆ خۆی دەگێرێتەوە). (قادر، 2009، ل87). واتە مۆنۆلۆگ پەیوەندییەكی پتە و كۆنكریتی لەگەڵ هەموو ڕەگەزەكانی دیكەی ڕۆماندا هەیە، وەك ڕووداو، كارەكتەر، شوێن، كات و لە هەمووشیان زاڵ و بەهێزتر گێڕەرەوە(حیكایەتخوان)ە.

هەروەك پێشتر باسمانكرد، هەندێك لە نووسەر و ڕەخنەگرەكانی ئەم بوارە بە شێوەی جیاجیا باسی ئەم هونەرییان كردووە، بۆ نموونە: هەندێك بە "مۆنۆلۆگ" دەڵێن: دایالۆگی ناوەوە، وەك(امنە یوسف و احلام حادی- فاتح عبدالسلام...هتد) لەڕاستیدا پێویست بەوە ناكات ئەم دەستەواژەیە(ناوەوە) بۆ(مۆنۆلۆگ) بەكاربهێندرێت، چونكە مۆنۆلۆگ خۆی بە واتای ناوەوە دێت. (مۆنۆلۆگ بە مانای دایەلۆگی تاك، یاخود ناوەكی دێت پێویست نییە دووجار وشەی ناوەكی بەكاربهێنرێ، واتە دووجار دەگووترێت مۆنۆلۆگی ناوەكی - ناوەكی، مۆنۆلۆگ خۆی مانایی ناوەوە دەگەیێنێ). (حەمید، 2011، ل193). كەچی ئەوەتا لە كتێبی(تیار الوعی)، كە سەرەكیترین سەرچاوەیە لەم بوارەدا (مۆنۆلۆگی ناوەكی) بەكارهێناوە، هەر لەم كتێبەدا، كە(فاتح عبدالسلام) لە كتێبەكەی خۆیدا بەناوی(الحوار قصص) لەلاپەڕە(110) دەستنیشانی كردووە، كە (ڕۆبەرت همفری) دەڵێت: ((مۆنۆلۆگی ناوەكی ئەم زاراوەیە زۆر تێكەڵ بە زاراوەی شەپۆڵی هۆش دەبێتەوە)). (هەمان سەرچاوە، ل192). بەڵام لەم بارەیەوە لێكۆڵەر و نووسەر و ڕەخنەگر(د. نجم خالد ئەڵوەنی) دەڵێت: (ئەوە ڕۆبەرت همفری نییە، كە زاراوەی(مۆنۆلۆگی ناوەكی، بەكارهێناوە)، بەڵكو وەرگێڕی عەرەبییە ئەم هەڵەیەی كردووە، ئەگەرچی(فاتح عبدالسلام)یش، تووشی هەمان تێكەڵكردن بووە و تەوژمی هۆش دەكات، بە بەشێك لە مۆنۆلۆگ ). (عەبدالسلام، 2016 ، ل192). كەواتە بەو ڕاستییە دەگەین، كە (مۆنۆلۆگ) لەلای زۆربەی خوێنەران و هەندێك لە ڕەخنەگر و توێژەران، مۆنۆلۆگ تێكەڵ بە سنووری شەپۆلی هۆش دەكرێت، لە كاتێكدا دوو هونەری لیكجوداوازی گێڕانەوەن لە ڕۆمانی نوێدا و هەریەكەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. واتە ((مۆنۆلۆگ زاراوەیەكە زۆربەیجار لەگەڵ زاراوەی شەپۆڵی هۆش بەكاردێت، لەبەر ئەوەی زاراوەیەكی ڕەوانبێژییە و بەشێوەیەكی گونجاو زیاتر تەكنیكێكی ئەدەبییە )). ( قادر، 2009، ل86). ئەگەرچی مۆنۆلۆگ و شەپۆڵی هۆش دوو تەكنیكن پەیوەندیان بە دڵ و دەروونی جیهانی ناوەوەی كارەكتەری سەرەكی و كارەكتەرەكانی دیكەوە هەیە، هەروەها گوزارشت لە دید و بۆچوون و ئەگەر و بیرۆكەكانەوە دەكات، كە هێشتا نەكەوتوونەتە سەر زمان و قسەیەكی ئاساییان لێ پێكنەهاتووە، بەڵام هەریەكەیان بارودۆخ و زەمینەیەكی جوداوازیان هەیە. بۆ نموونە لە شەپۆڵی هۆشدا حاڵەتی شێواوی و شپرزەیی و تاڕادەیەكی زۆر لە ناهۆشیار بە گفت و قسەیی كارەكتەرەكەوە دیارە، كە خۆی لە وشە و ڕستە و دەربڕینی تێكشكاو، گوێنەدان بە پەیڕەوكردنی ڕێساكانی زمان دەنوێنێت، بەڵام دۆخێكی لەمجۆر و لەم شێوەیە لە مۆنۆلۆگ بەدی ناكرێت،

چونکە مۆنۆلۆگ گفتوگۆیەکی ڕاست و ڕەوانی نێوان(خود و خود). بە شێوەیەکی پوخت و ڕێکخراو دەخولقێنێ. ئەگەرچی(مۆنۆلۆگ) بە هونەرێکی نوێ دادەندرێت لە ڕۆمان و چیرۆکی نوێدا، لەگەڵ ئەوەشدا مۆنۆلۆگ ((لە ئەدەبی گێڕانەوەی کۆن و نوێدا ناسراوە، بەڵام لە گێڕانەوەی نوێدا زیاتر باوە)). ( حەمید، 2011، ل193).

واتە ئەم هونەرە نوێیە لە ناو ڕۆماندا بۆ نەهێشتنی گێڕانەوەی سواوە کۆنەکە، بە تایبەتی لە هۆش و ناهۆشیدا و لەلای زۆربەی حیکایەتخوانی هەمووشتزان پێشکەوتنێکە چیرۆکنووس و ڕۆماننووس پێیگەیشتووە، کەچی بەلای هەندێك نووسەرەوە پەنابردن بۆ ئەم جۆرە هونەرە و بەکارهێنانی خۆدزینەوەیە لەلایەن نووسەرانی ڕۆمان و چیرۆك، لەوانەش(عدی مدانات)ەوە، کە دەڵێت: ((ناهۆشی بریتییە لە داهێنانی چیرۆکنووس بە مەبەستی خۆ دزینەوە لە مەرجی هۆش و پێویستییەکانی، جگە لەخۆدزینەوە لە تەنگژەی نەزانین و پەی پێبردن بە میکانیزم و مەرجەکانی چیرۆکنووسین، لەوەی پێویستی پێیە لە زانیاری و بینین و ڕوونکردنەوەی زۆر و تەکنیکەکانی چیرۆکنووسین و مەلەکردن لە فەزای قسەی نارێك، ئەوەی لە پێشتر نەزانراوە و پلانی بۆ دانەڕێژراوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەمانەدا دەرچوون لە شتی باو دروست دەبێت و بە هەموو شتێك تەنیا چیرۆك نەبێ)). ( هەمان سەرچاوە، ل191). ئەم ڕایەی دەچێتە خانەی ڕای کەسییەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەمە شتێکی ئاساییە لە دنیایی ئەدەبدا، چونکە لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەکاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر جۆرە تەوژمێك، یان ڕەوت و ڕێباز و قوتابخانەیەکی نوێ، یاخود ژانرێکی ئەدەبی و بیر و هزر و هونەرێک، هەمیشە دژایەتی دەکرێ لەلایەن کۆنەکانەوە، ئەوا مەسەلە تا ئەدەب و داهێنان و تەکنیکی نوێی ئەدەبی هەبێت، ئەوا کێشەی کۆن و نوێ بەردەوام دەبێت و دواجار کۆن بیەوێت و نەیەوێت، نوێیەکە دەڕوات و پەلدەهاوێت و فراوان دەبێت شوێنی خۆی دەگرێ، بۆیە ئەم ڕایە دەچێتە بیروبۆچوونی کەسی و کار لە بەکارهێنانی فراوانی ئەم هونەرە ناکات.

هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەی مۆنۆلۆگ، کە جیایە لە هەموو پێناسەکانی دیکەدا بەم شێوەیە پێناسەی مۆنۆلۆگ دەکات، لە کتێبی (النص والاسلوبیە بین النظریە والتطبیق) هی نووسەر(عدنان بن ذریل)ە، بەمشێوەیە لەبارەی مۆنۆلۆگەوە، دەڵێت: (پێشکەشکردنی هەواڵە، کە وەرگێراوە و هەواڵی ڕۆژی قیامەت دەدات، "احداث الساعە" ڕەخنە لەم کەسانە دەگرێ، کە دەرچوون لە ڕێگای ڕاست و هەواڵی ڕۆژی تازە دەدا لە کێشە و گرفتی ڕۆژانەی خەڵك بە شێوەیەك، کە زۆر سوك بێ لەسەر دڵ و مرۆڤ زۆر زۆر لێ تێبگات وە ئەمە شتێکی زۆر هونەرییە و هونەرێکی تەواو پێگەیشتووە). ( بن ذریل، 2007 ، ص63)

هەروەها بۆئەوەی ڕۆماننووس سەرکەوتووبێت لە گێڕانەوەکانی، دەبێت لە بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ جۆرێك گونجان بکات لە نێوان هونەرەکانی دیکەدا، بەتایبەتی لە گونجانی نێوان وەسفی ڕواڵەتی دەرەوە و وەسفی ناوەوەی، یاخود دەروونی کارەکتەرەکە، ئەویش لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە دەتوانێ ئەنجامی بدات بە شێوەیەك تێکهەڵکێش بکرێت، لەم دۆخەشدا گرینگی مۆنۆلۆگ دەردەکەوێت ((لە شێوازی ناڕاستەوخۆی کارەکتەرسازیدا، چونکە لە کاتی نەبوونی مۆنۆلۆگ لە شێوازی ناڕاستەوخۆ و خودیی وەسفی ڕووکاری دەرەکی دەبێتەهۆی ئەوەی، کە ڕۆماننووس تەنیا

وێنەی کەسانێکی کێشاوە و سیفەتی زیندوویەتی نەخستۆتە پاڵیان. واتە؛ کارەکتەرەکان وەکو وێنە دەردەکەون، نەك کەسێکی ئاسایی لە ژیاندا)). (خلیل، 2010، ل35). لێرەدا مۆنۆلۆگ گرینگترین هونەرە بۆ تەواوکردنی وێنەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لەلایەن ڕۆماننووسەوە، کە بەکاریدەهێنێت، ئەمەش پێچەوانەی هەموو ئەو ڕاووبۆچوون و قسانە دەوەستێتەوە، کە بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ بە خۆدزینەوە دادەنێن، یاخود تەکنیکی مۆنۆلۆگ بە هونەرێکی کەموکوڕ و ناتەواو دادەنێن.

- مۆنۆلۆگ پەیوەندیەکی پتە و گرینگی بە گۆشەنیگاوە هەیە بەتایبەتی گۆشەنیگا لە ئاستی دەروونی کارەکتەرەکانەوە، چونکە گۆشەنیگاش (مەبەست لێی خستنەڕووی هەست و ئیدراکاتی گێڕەرەوەیە، ئەم ئاستە وەکو ئاستی سەنتەر هەموو ئاستەکانی دیکە ڕێکدەخات، زۆرجار دۆخی کارەکتەر گوزارشت لە هەست و بیر و بۆچوون و حەز و ئارەزوو و ئامانجی کارەکتەر دەکات، بۆیە نووسەری شارەزا پێویستە زەین، هەست و ئیدراکەکانی کارەکتەرەکان بە ئەندازەی پێویست بکات). ( حسین، 2013، ل3).

## ١. ٢. هۆکارەکانی بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لەلایەن چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك، کە گرینگترینیان ئەمانەن:-

1- چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە گێرانەوەی سواو و کۆنی چیرۆك و ڕۆمان ڕزگار بکەن، کە وەك زنجیرەیەك لە سەرەتاوە بۆ لووتکە و دواتر بۆ کۆتایی خستنەڕووی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان بەشێوەی هێڵێکی ڕاست، تا کۆتایی قسەکردنی نووسەر(گێڕەرەوە)(حیکایەتخوان) لە جیاتی کەسایەتی و کارەکتەرەکان لە شوێنی ئەوان قسە لەسەر ژیان و بارودۆخ و هەڵسووکەوتوو و هەست و سۆز و حەز و ئارەزوو و هیوا و ئاوات و خەون و خەیاڵ و لەش و لار و و بیر و هزر و فەلسەفەی ژیانی کارەکتەر بەرجەستە بکات، ئەم هونەرە"مۆنۆلۆگ" بووە ڕزگارکەری نووسەر لەم هەموو بارە قورس و کێشە و گرفتانە، هەروەها مۆنۆلۆگ (دوورکەوتنەوەی خودی نووسەرە، لە دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و پچڕینیان، بەکارهێنانی وشە و زاراوەی وشك و گران لە دیالۆگدا). (قادر، 2009، ل85).

2- (لە ڕۆماندا سەرهەڵدانی هونەری مۆنۆلۆگ، یان ڕاستتر بڵێین زیاتر پەرەسەندنی هونەری مۆنۆلۆگ و هۆکاری بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی تیۆرەکانی(فرۆید) و (یۆنگ) لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، کە دواتر کاریگەری دروستکرد لەسەر داهێنان و نوێکردنەوە لە ئەدەبدا) ( شێخ محمد، 2007، ل189).

3- (کاریگەری ڕەمزییەکان بوو، کە تێڕوانینێکی وردو قووڵیان بەرانبەر بە ناخی کەسەکان و کۆمەڵگاش هەبوو). ( هەمان سەرچاوە). واتە بە هۆی مۆنۆلۆگەوە، لە پاڵ ئەوەی لە دڵ و دەروون و هەستی کەسایەتییەکان شارەزا دەبین، دەتوانین خوێندنەوەیەکی وردیش بۆ بیرۆکە و تێگەیشتنەکانی بکەین، چونکە مۆنۆلۆگ وەك پشکێنەری ناخی کارەکتەر، دەتوانێت ڕاز و نهێنی ئەو بیرۆکانە ئاشکرا بکات، کە لە ناخی خودی کارەکتەردا پەنگیان خواردووە و ئێمەی

خوێنەرانیش لە بارەیانەوە زانیاریمان نییە، بێگومان ئەو بیرۆکانەش بەهێز و سەرەکیترن، هەتا ئێستا بە گفتوگۆ و دەربڕینێکی ئاسایی و سەر پێی نەدرکێندراون و قورسی و سەنگیان لە دەست نەداوە، ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت خاڵی وەرچەرخانی دەق پێکبهێنن، چونکە مۆنۆلۆگ ((قسەیەکی نەبیستراو گۆنەکراوە، کارەکتەر بەهۆیەوە گوزارشت لە بیرۆکەکانی ناخی خۆی دەکات)). ( قادر، 2009، ل86).

4- مۆنۆلۆگ (( شۆڕشێکی هونەریی بوو هەوڵیدا بۆ سڕینەوەی نەریتی چیرۆکی کلاسیکی باو بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە)) ( خورشید، 2015، ل49). بەتایبەتی لابردنی ئەو ڕووداو و بابەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوە نییە.

5- لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئەم هونەرە "مۆنۆلۆگ" پەنابردن بۆی، بۆ ئەوەیە کارەکتەر دەربڕی خودی خۆی بێت، لەبەرئەوەی(واقیعییەتی ناوەوەی). ( حەمید، 2011، ل190). کارەکتەر دەنوێنێ بەهۆی وردبینی و کارامەیی نووسەرەوە دێتە دی، بۆ ئەوەی کارەکتەر خۆی خۆی بە خوێنەر بناسێنێت و باس لە ئێش و ئازار و تەنگوچەڵەمەی خۆیی و هەموو ئەم شتانە بکات، کە پێویستە لە ناخی دا دەربهێندرێ، بۆئەوەی وەرگر شارەزای ناخی کارەکتەرەکانی بێت، بەرانبەر بە بیر و هزرە تایبەتییەکان، کە لە بێئاگاییەوە نزیکە و پابەندی هیچ سنوور و پایەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، چونکە مۆنۆلۆگ دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزاییی خودە بەرانبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، لەبەرئەوەی مۆنۆلۆگ ڕاست و واقیعیترین دەربڕینە، ناتواندرێ بە ئاشکرا و پڕ بەدەم هاوار بکرێ و دەرببڕدرێت، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ئەم دەربڕینانە مۆنۆلۆگە. نووسەر هەوڵدەدات وا لە خوێنەر بکات لە کاتی گێڕانەوەی کارەکتەر لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە خۆی تێدا بدۆزێتەوە و لەگەڵ دەقەکەدا ئاوێتە بێت و ببێتە بەشێك لە کارەکتەرەی ناو دەقەکەدا، بەمەش زیاتر هەست و سۆزی خوێنەر دەجووڵێنێت و بەردەوامی خوێندنەوەی پێدەدات، چونکە کارەکتەر لە پەنگخواردنەوەی خەم و خەفەت و ناسۆری کپکردنی خواستەکانی مرۆڤ وەك یەکن، کەسی ئاسایی، هەمان تەنگوچەڵەمەیان هەیە، کە کارەکتەری ناو ڕۆمان هەیەتی و دەریدەبڕێت، هەمیشە ئەو خۆدواندن و لەبەر خۆ قسەکردنە و خۆ خواردنەوەیە، کۆمەڵێك قسە و ڕاو بۆچوونی دژی دابونەریت و کۆمەڵگە و شتە باوەکان و قەدەغە و عەیبە و خراپە و گوناحە...هتد. لە ناو ناخ و دڵ و دەروون و زەینی مرۆڤدا دێت و دەچێت، بۆیە بۆ دەرخستنی ئەم هەموو شتانە پەنابردن بۆ مۆنۆلۆگ باشترین و سەرکەوتووترین تەکنیکە لە هونەرە نوێیەکاندا، ((بەمشێوەیە گۆڕانێکی گەورە لە مێژووی ڕۆمان ڕوودەدات و ڕۆمان وای لێدێت هێندەی بایەخ بە ناخ و زەین و هەستی کارەکتەرەکان دەدات هێندە گرنگی بەلایەنی دەرەوەیان نەدات، مەگەر لایەنە دەرەکییەکەیان یارمەتیدەر بێت بۆ زیاتر دەرخستنی لایەنی زەینیان)). ( شێخ محمد، 2007، ل189).

## ١. ٣. ئەرکی مۆنۆلۆگ لەناو ڕۆماندا

١- مۆنۆلۆگ وەک هونەرێکی گرنگی گێڕانەوە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ و بەسوودی بۆ ژانری گێڕانەوە هەیە و بووەتەهۆی بەرەوپێشچوون و داهێنانی دیار لە توێژینەوەکانی ئەم بوارەدا. لەبەرئەوەی ((مۆنۆلۆگ لە ناو دەقدا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت و زۆر چڕە و وردەکاری زۆری تێدایە لە دەلالەتکردن لە ناوەوەی پاڵەوان یا کارەکتەر)). ( هەمان سەرچاوە، ل184). چڕی و

وردی لە مۆنۆلۆگدا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگرتنی ئەم شتانەی، کە کارەکتەر لەڕێی مۆنۆلۆگەوە دەریاندەبڕێ، ئەم شتانەی لە ناو ناخی ئەواندا هەن و تا بواریش بۆ مۆنۆلۆگ نەڕەخسێت ئەوان ئامادەی بیرکردنەوە نابن لەم شتانە، بەڵام کاتێك ئەم زەمینەیە ڕەخسا، کە کارەکتەر لەگەڵ خۆی بدوێ، ڕاستەوخۆ ئەم کارە دەکات و هەموو ئەم شتانەی لە ناخی دا هەن لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەریان دەبڕێت، هەر بۆیەش مۆنۆلۆگ لەناو دەقدا(کتوپڕی بە چێژۆك دەبەخشێت). (هەمان سەرچاوە، ل185). هەروەها خوێنەر ڕاستەوخۆ لە شتە شاراوەکانی ناخی کارەکتەر تێدەگات.

٢- هەروەها لە مۆنۆلۆگدا، لەبەرئەوەی تاڕادەیەك پەیوەندی بە یادگارییەکانەوە هەیە و لە جیهانی یادگارییەکانیشدا ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو تێکەڵ دەبن و کات مانای خۆی لە دەستدەدات، ئەگەرچی لە دەستدانی مانا لەلایەن کاتەوە بە مانای نەمانی کات نییە و کات لەناو ناخی مرۆڤیشدا هەیە، بەڵام لەوێدا بە تایبەتی لەکاتی مۆنۆلۆگدا ئەم لۆجیکە لەدەستدەدات لە ژیاندا، یان لەناو دەق لە دەرەوەی کارەکتەر هەیەتی، ئەم گۆڕانە لە شوێنیشدا بە هەمان شێوە مانایی خۆی لە دەست دەدات، چونکە لە ناو مۆنۆلۆگ ((شوێن و کەلوپەلەکانیش بۆ ماوەیەك دیار نامێنێن)). (هەمان سەرچاوە، ل185). ئەمەش بۆ ئەوەییە، کە کارەکتەر تاڕادەیەك خۆی لە توخمی کات و شوێن ڕزگار بکات، بەمەش یارمەتیدەری دەبێت بۆ ئەوەی بە کتوپڕی هەموو ئەم شتانە بگێڕێتەوە، کە خوێنەر مەبەستێتی.

٣- ئەرکێکی دیکەی ((مۆنۆلۆگ لەناو دەقی چیرۆکئامێزدا دەیگێڕێت، بەرجەستەکردنی کارەکتەر)). (هەمان سەرچاوە، ل185). هونەری مۆنۆلۆگ هەنگاوێك لە پێشترە لە دایەلۆگ بۆ هەڵستان بە کاری بەرجەستەکردنی کارەکتەر، چونکە دایەلۆگ لە ڕێی لایەنە دەرەکییەکانەوە هەوڵی دەرخستنی لایەنە ناوەکییەکان دەدات و خوێنەر دەبێ زۆربەی کات هەوڵبدات لە ڕێگەی قسەکردنەوە بە شتە شاراوەکانی ناو ناخی کارەکتەر بگات و ئاشنا بێت، بەڵام هەرچی لە مۆنۆلۆگدا هەیە خوێنەر بەبێ هیچ نێوەندێك (جگە لە حیکایەتخوان) بەم شتە شاراوانە ئاشنا دەبێت و کارەکتەر خۆی هەوڵی بەخشینی زانیاری لە بارەی خۆیەوە دەدات. واتە؛ مۆنۆلۆگ ((مۆنۆلۆگ بە پێچەوانەی دایەلۆگە گوێ بە هیچ کەسایەتیەکی دیکەی بەرانبەر نادات)). (خدر، 2012، ل109). ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتە سەرەکییەکانی مۆنۆلۆگ.

٤- ئەرکێکی دیکە، کە یەکێکە لە خاڵە دیارەکانی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە ((ئەوەیە، کە ڕاستگۆیانە و هەردەم کەسی خاوەن مۆنۆلۆگەکە بەبێ هیچ بەربەست و پەردەیەك پێ لە خواستەکانی خۆی ئەنێ گوزارشت لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوویەك دەکات، لەوەوپێش کردوویەتی، یان دەخوازێت بیکات، یاخود لێی پەشیمانە و دان بە هەڵە و کەموکورتییەکانی ژیانی ڕابردوودا دەنێ، لەنێوان هەر بەرەو ڕووبوونەوەیەك لە خۆیدا دێتە گۆ)). ( حسن، 2011، ل109). کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: مۆنۆلۆگ لەناو دەقدا پێنج ئەرك دەگێڕێت، کە بریتین:-

یەکەم// (دەرخستنی ناخی کارەکتەر و ئاشناکردنی خوێنەر بەم زانیارییانەی لەناو هۆش و ناخی ئەوان دا هەیە.

دووەم// یارمەتی پاڵەوان، یان کارەکتەر دەدات بۆ ئەوەی بۆچوون و شتانەی لە ناخی دا هەن بە چڕی وردبینینەوە دەریانببڕێت.

سێیەم// بەخشینی کتوپڕی بە دەق لە گەیاندنی ئەم زانیارییانەی حیکایەتخوان دەیەوێت بە خوێنەریان بدات.
چوارەم// دەبێتە هۆکار بۆ بەرجەستەکردن و زیاتر واقیعیبوونی کارەکتەر). ( شێخ محمد، 2007، ل185-186).
پێنجەم// کارەکتەر بەبێ هیچ بەربەستێك گوزارشت لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆی دەکات، یاخود بە شێوەیەکی دیکە توخمی کات و شوێن مانای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن، کە لە ژیاندا هەن، یان لەناو دەق و دەورووبەری دەقدا هەستیان پێدەکەین.

## ١. ٤. جۆرەکانی مۆنۆلۆگ

بەپێی ئەو گۆشەنیگایە و ئەو ڕاناوانەی لە کردەی گێڕانەوەدا بەکارهاتوون، جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دیاریدەکرێن و ڕەخنەگرانیش لە دیاریکردنی جۆرەکانی مۆنۆلۆگدا، ئەگەرچی لە یەکەوە نزیکن، بەڵام جۆرێك لە تێکەڵاوی لە دەستنیشانکردنی جۆرەکاندا دەبیندرێت، ئەوەش بەم مانایە نایەت کە ناکۆکییەکان مایەیی نیگەرانی بن. لێرەدا ڕاو بۆچوونی چەند نووسەرێك بخەینەڕوو:-
(ڕۆبەرت همفری) لە کتێبەکەیدا بە ناوی(تیار الوعي) شەپۆلی هۆش، کە بە سەرەکیترین سەرچاوە دادەنرێت لەم بوارەدا، کە (مۆنۆلۆگ)ە. دوو جۆری سەرەکی مۆنۆلۆگ دیاریدەکات، کە بریتین:-
1- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ. ٢ - مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ. (خورشید، 2015، ل72).
-(جمال میر سادقی)یش، جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دەکاتە سێ جۆر:- ١- مۆنۆلۆگ. ٢- مۆنۆلۆگی درامی. ٣-خۆدواندن. (هەمان سەرچاوە، ل186). بەڵام لە بارەی ئەم دابەشکردنەی(جمال میر سادقی)، (د. نجم ئەڵوەنی) دەڵێت: (جمال میر سادقی لەوەدا ڕاستی نەپێکاوە کاتێك، کە مۆنۆلۆگی درامی و خۆدواندن بەشێوەی دیکەی مۆنۆلۆگی ژماردووە. ئەگینا ئەم دووانە یەکن و لە شانۆدا ئەکتەر ناچارە دەنگی بەرزبکاتەوە، بۆئەوەی تەماشاکەران لە قسەکانی بگەن و ئاگایان لە ناخ و دەروونی ئەم بێت، بەڵام لە داستان و چیرۆك و ڕۆماندا، کە مۆنۆلۆگی درامی دادەمەزرێندرێت، پێیدەگووترێت خۆدواندن). (هەمان سەرچاوە). لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا گێڕانەوەی ناخ بە شێوەیەکی لۆجیکی ئەنجام دەدرێ و لەڕووی واتاوە قسەکانی کارەکتەر گونجانی تێدا دەبێت و وشەکانی پەڕاگەندە نابن.
(نجیب العوفی)یش، لەژێر کاریگەری تیۆرە دەروونییەکاندا جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بەمشێوەی خوارەوە دیاریدەکات:-
1- (مۆنۆلۆگی هۆشیار.
2- مۆنۆلۆگی ناهۆشیار.
3- مۆنۆلۆگی داڕشتن، یان لەدەستدانی هۆش). (العوفی، 1987، ص543). ئەگەر سەیری ئەم دابەشکردنە بکەین دەبینین جۆری یەکەم و دووەم جیاوازییەکی نییە لەگەڵ جۆری(مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)، بەڵام جۆری سێیەم، کە (مۆنۆلۆگی داڕشتن)ە، جۆرێکی بە زیاد دیاریکراوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ جۆری دووەمدا، کە (ناهۆشیار)ە، یاخود ڕاستر بڵێین:

دەچێتە ناو جۆری دووەم. کە (مۆنۆلۆگی ناهۆشیار)ە، چونکە ئەم دیاریکردنە لە جۆری دووەمدا(منی باڵا) دەسەڵاتی نامێنێت و (ئەو) باڵا دەست دەبێت و کاتێکیش (ئەو) باڵادەست بێ هیچ بەربەستێك لە بەردەم مێشك نامێنێت تا ڕێگر بێت لەوەی کارەکتەر چی بڵێت، یان چی بە بیر و زەین دابێ.

کەواتە زۆربەی ڕەخنەگر و نووسەران، مۆنۆلۆگ دەکەن بە دوو جۆری سەرەکییەوە:-

١-(مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ 2- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ) ( قادر، 2009، ل86).

-(دیار فایق)یش، ئەم هونەرە بەسەر دوو جۆر دابەش دەکات، ئەوانیش:

١- (( مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، ئەمەش بەسەر دوو جۆریتر دابەش دەکات، ئەوانیش: أ- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی پوختکراو. ب- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی ڕەسەن.

٢- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ. )). ( فایەق، 2013، ل24-26).

لە ڕوانگەی بۆچوونی ئەم نووسەر و ڕەخنەگرانە بە بواردنی ئەم جۆرانەی، کە ناکەونە ناو جۆرەکانی مۆنۆلۆگەوە،

دەتوانین مۆنۆلۆگ دابەشی سەر ئەم جۆرانەی خوارەوەی بکەین، کە بریتین لە:-

1- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.

2- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.

3- خۆدواندن.

هەریەك لەم جۆرە مۆنۆلۆگانە بەپێی ئەو ڕاناوەی، کە تێیدا بەکاردەهێندرێت دیاریدەکرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە پەیوەندیەکی تۆکمە لەنێوان مۆنۆلۆگ و ڕاناوەکاندا هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی جۆری ئەم مۆنۆلۆگەی کە ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕۆماندا بەکاریدەهێنێت.

### ١. ٤. ١. مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەیە، کە کارەکتەرەکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت بەبێ بەشداریکردنی نووسەر و نەبوونی هیچ گوێگرێك (خوێنەرێك) و گێڕەرەوەیەك. لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ڕۆماننووس ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکی(من)ی، قسەکەر بەکاردەهێنێت. بۆیە ئێمە هەست بەوە دەکەین، کە کارەکتەرەکە خۆی دەدوێت و کەسێك نەیهێناوەتە دواندن تاکو گوێی لێبگرێت. کەچی لە واقیعیدا نووسەر و خوێنەر بوونیان هەیە، بەڵام لە کاتی خوێندنەوە و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیدا، دەبێت هەست بە بوونیان نەکرێت، واتە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ دوورە (( لە دەستتێوەردانی نووسەر و گوایە گوێگر نییە)). (هەمان سەرچاوە). هەروەها گرینگترین خاسیەتەکانی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ ئەوەیە:١- بۆ نووسینی کەسی یەکەم بەکاردێت و نووسەر لادەبرێ. ٢- بۆ خوێنەر ئاراستە ناکرێت،

٣- بەمشێوەیە وەردەگیرێت کە ڕوویداوە)) ( شێخ محمد، 2007، ل191).

هەروەها لەبارەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆوە(حسن جاف) دەڵێت: ((ڕۆبەرت همفری تەنیا سێ چیرۆکنووسی هێناوەتەوە، وەك نموونە، کە ئەم جۆرە هونەرەیان بەکارهێناوە سەرکەوتنیشیان تێدا بە دەستهێناوە، کە (جیمس جۆیس و فرجینیا وۆلف و مولکەنەرت) لەبەرئەوە بە پێویستی نازانم

خۆمان ماندوو بکەین بە هەوڵی بێ سوودی دۆزینەوەی ئەم ڕێبازە لە چیرۆکی کوردیدا)). (خورشید، 2015، ل38-50).

کەواتە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ڕۆماننووس بەسەر دڵ و دەروون و زەینی کارەکتەر ناشکێت و خۆی لە تێوەگلانی بیر و کردەکانی دەپارێزێت. واتە؛ کارەکتەرەکە سەربەست و ئازادانە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات و لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ، بێئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕۆماننووسەکە لەهەمانکاتدا کەم تا زۆر تارمایی نووسەر بەسەر بەرهەمەکەیە و بە تەواوەتی ون نابێت، هەنگاوهەنگاو بۆ پێشەوە ئاراستەی دەکات، چونکە قسەکەری ڕاستەقینە گێڕەرەوەییە. هەربۆیە کاتێك کارەکتەر بەتەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت مانای وایە حیکایەتخوان لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، لەئەنجامدا زانیارییەکان بەبێ هیچ بەربەستێکی دەرەکی بە ئێمە دەگەن.

### ١. ٤. ٢. مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:

(لەڕێی کەسی سێیەمەوە دەردەبڕێت و ڕاناوی کەسی سەربەخۆ(ئەو) یاخود کەسی دووەمی تاك(تۆ) لە گێڕانەوەدا بەکاردێت، کە مانای ئەو دەگەیەنێت ناتواندرێ دەستبەرداری نووسەر، یا حیکایەتخوان بین و حیکایەتخوان ڕۆڵی نێوەند لەنێوان کارەکتەرەکان و خوێنەردا دەگیرێت). (شێخ محمد، 2007، ل187). واتە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ(ئاماژە بە خوێنەر دەدات خۆشی و نووسەریش لەکایەدان، جگە لە وەسفکردن و هۆیەکانیان و هەستکردنیان بە واقیعدا تێدا بەکاردەهێنرێت). ( خدر، 2012، ل109). واتە خودی نووسەر خۆی لە دەروونی کەسایەتییەکە لە پیشاندانی شتە جەوهەریەکانەوە بگۆڕێت بۆ دەرخستنی شتە دەرەکی و ڕووکارییەکان. لە ئەنجامدا مۆنۆلۆگ ناتوانێت ئەرکی خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکات، هەر ئەوەشە وایلێکردووە بەشێکی زۆر لە نووسەران مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ پەسەندتر دابنێن بۆ بەکارهێنانی لەناو ڕۆماندا، چونکە سەربەستییەکی تەواو بە کارەکتەرەکان دەدات، کە بە ئارەزووی خۆیان، خۆیان بە خوێنەر و گوێگر ئاشنا بکەن هەست و ناخ و دڵ و دەروونی خۆی دەربیبڕێت بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ بەربەستێك و بەبێ کەوتنە ژێر کاریگەری نووسەر.

### ١. ٤. ٣. خۆدواندن:

ئەم شێوە مۆنۆلۆگە، کە کارەکتەر بە دەنگی بەرز ناخی خۆی لەڕێی ئەوەوە دەردەبڕێ لەلایەن حیکایەتخوانی (هەمووشتزان)ەوە، بە ڕاناوی (ئەو) بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە). (هەمان سەرچاوە، ل189). واتە کارەکتەر ڕاستەوخۆ هزر و بۆچوون و ئەندێشەکانی ناو زەینی ناگاتە خوێنەر، بەڵکو حیکایەتخوان بەم کارە هەڵدەستێ. ئەمشێوە قسە لەگەڵ خۆکردنە لە بنەڕەتدا هونەرێکە، لە کۆنەوە بۆ سەر شانۆ داندراوە و لەگەڵ گریکەکانی گەشەی کردووە، کارەکتەر تیایدا لەسەر شانۆ خۆی دەدوێنێ و قسەکردنێکی تەنیایدا دەبێ، بەڵام لەلایەن بینەرانی شانۆیەکەوە بیستراوە، پەیوەندیەکی توند و تۆڵی هونەری و ئەوەیی پەیوەندی پێوە هەیە، لە ڕووداو و کەسێتییەکان و چیرۆکنووسیش ئەم تەکنیکە شانۆییەی خواستۆتەوە بەکاریهێناوە بۆ ناو جیهانی ڕۆمان و چیرۆکدا.

هەروەها خۆدواندن جگە لەوەی کارەکتەر بە خوێنەر دەناسێنێت، لەهەمانکاتیشدا: (( خۆدواندن تایبەتمەندییە دەروونییەکانی گێڕەرەوەش بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکاتن)). (عزیز، 2021، ل12). بەپێی ئەم خەسڵەتانەشبێ خۆدواندن بەشێکە لە هونەرەکانی شەپۆلی هۆش.

(ڕۆبەرت همفری) بەمشێوەیە پێناسەی ئەم جۆرە دەکات: ((هونەرێکە پێکهاتە و کردەی زەینیی بەڕاستەوخۆیی لە کارەکتەرەوە و بەبێ ئامادەبوونی گێڕەرەوە، بەڵام بە گریمانەی هەبوونی جەماوەر بەبێ دەنگی)). ( حەمید، 2009، ل203). دەخرێتەڕوو، لەگەڵ خۆقسەکردنێکە کارەکتەر هەست و بیری خۆی بە دەنگ هەڵبڕین دەردەبڕێ بۆ ئەوەی گوێگر لە مەبەستەکانی بگات، خۆدواندن ئەوەی هەیە دەیخاتەڕوو، بەڵام مۆنۆلۆگ خوێنەر بۆ ناو زەینی خۆی ڕادەکێشێ، واتە خۆدواندن بەشێکە لە مۆنۆلۆگ، کە مەبەستی گەیاندنی ناسنامەی زەینی و ژیانی ناوەوەی کارەکتەر نییە بە خوێنەر، بەڵکو ئامانج لێی ((گواستنەوەی بیرەکان و هەستەکانە، کە بە گرێچنی هونەری و کردەی هونەریی چیرۆکەکەوە، یان ڕۆمانەکەوە پەیوەستە)) ( هەمان سەرچاوە، ل204). کەواتە یەکێك لە خاسیەت و مەرجەکانی خۆدواندن ئەوەیە دەبێت کارەکتەر دەنگی دەربڕێت و قسەکانی لەبەردەم خۆیدا دەربڕێ. بۆیە لەم بارەیەوە گووتراوە: (خۆدواندن بەشێکە لە مۆنۆلۆگ) ( هەمان سەرچاوە، ل204).

**بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازی لە نێوان خۆدواندن و مۆنۆلۆگدا هەیە ئەویش بریتیین:-**

یەکەم: (لە خۆدواندندا کارەکتەری چیرۆك، یا ڕۆمان بە دەنگی بەرز بۆ گوێگرێك، دوێنراوێك قسە دەکات و ئەم قسانەی کارەکتەر لە مۆنۆلۆگدا دەیکات گوێگر و دوێنراوی نییە، ئەمە جگە لەوەی کارەکتەر لە مۆنۆلۆگدا لە ئامادەبوونی کەسانی دیکە بێئاگایە.

دووەم: مەبەستی خۆدواندن گەیاندنی سۆز و بیری پەیوەست بە چنین و کاری هونەرییە لە کاتێکدا مۆنۆلۆگ پێش هەموو شتێك گەیاندنی ناسنامەی زەینییە.

سێیەم: لە خۆدواندندا گۆشەنیگای چیرۆکنووس هەر گۆشەنیگای کارەکتەرە و شێوازی قسەکردن تێیدا وەك مۆنۆلۆگ پەرش و بڵاو نییە، چینی هۆش لێرەدا هەردەم لەسەرەوە نزیکە). ( حەمید، 2009، ل204) (خورشید، 2015، ل102). بە شێوەیەکی گشتی لەناو چیرۆك و ڕۆماندا زیاتر بەوە جیا دەکرێتەوە، کە بەم فۆڕمانە دەست پێدەکات (لەبەرخۆیەوە گووتی، بە خۆی گووت، بە خۆمم گووتووە، لە ژێر لێوەوە لە دەم هاتەدەر، ڕووم کردە ناخی خۆم، لە دڵی خۆیدا گووتی، لەگەڵ خۆیدا دوا...هتد).

کەواتە مۆنۆلۆگ بە هەموو جۆرەکانی کاریگەری و فەزایەکی فراوانی لە دنیای ئەدەب و پانتاییەکی فراوانی لەناو چیرۆك و ڕۆماندا نوێ گرتووە. ئەم هونەرە هەنگاوێکی گەورەی لەناو ڕۆماندا بردووەتە پێشەوە بووەهۆی دەرخستنی جیهانی ناوەوەی کارەکتەر، یاخود کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمان و شۆڕبوونەوە بەناو ناخی خود.

## ٢. ١. پراکتیزەکردنی جۆرەکـــانی مـۆنۆلۆگ لـــــــە کورتەڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)ی،(فەرهاد پیربال)دا.

سەرەتا بە پێویستی دەزانین بە کورتی تیشك بخەینە سەر سێ کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، کە ڕووداو و کێشە و گرفتەکان لەو سێ کارەکتەرە زیاتر خۆیان دەبیننەوە، کە بنیاتی ڕووداوەکانی کورتەڕۆمانەکەن، بە گشتی ئەوانیش:

**٢. ١. (ئەختەر- جوامێر- مولازم تەحسین).**

1- ئەختەر// ئەو لە دڵەوە بەڕێوەبەری خۆشدەوێت، بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە شوو بە بەڕێوەبەر بکات ((ئاراس)) یاخود باشترە بڵێین: "جوامێر" بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەم کارە ناکات. هەموو جارێکیش هەر تەماداری دەکات کە دەیخوازێت، دواجار زەمانە "ئەختەر" دەکاتە سۆزانییەکی ڕەسمی ئینجا زابت ئەمنێکی بەعسیش فێرە جەستەی دەبێت، کە ناوی((مولازم تەحسین))ە. ئەختەر کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کە پانتاییەکی فراوان و سەنگێکی قورسی لە ڕۆمانەکەدا هەیە، بە جۆرێکە دەکرێت بیکەینە چەقی دەقەکە و سەرجەم کارەکتەرەکانی دیکەش، تەنانەت"مولازم تەحسین و جوامێر"یش، لە دەوری ئەم چەقە دەخولێنەوە.

"ئەختەر" لەڕووی کۆمەلایەتیی و سیاسیی و تەنانەت لە ڕووی دەروونییەوەش، کەسێکی ئاڵۆز و نائارامە، ئەگەر دەقەکە بخوێنینەوە ئەوا ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا دیارە. "ئەختەر" جگە لە دایك و خاڵی نەبێت، هیچ کەسێکی دیکەی نییە. هەر زوو بە هۆی جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی نائاسایی "ئەختەر"ەوە، یاخود بەهۆی سەرکێشییەکانی "ئەختەر"ەوە دایکی لە خەم و خەفەتان دەمرێت و دواتر خاڵیشی حاشای لێدەکات. ئیدی ئەختەر وەك کچێك بە تەنیا و لە ماڵێکدا ژیان بەسەر دەبات، ئەم شێوە ژیانەی "ئەختەر" بۆخۆی مایەی تێڕامان و قسەلەسەرکردنە، چونکە نەك لە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو لە ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیشدا شتێکی نامۆیە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی وەکو ڕۆژئاوا ئەم جۆرە ژیانە ئاساییە. کەواتە ژیانی "ئەختەر" لەم تەنیاییەوە ئاڵۆز و نامۆ و پڕ گرفت دەبێ و بەمەش دەبێتە قسەی سەر زاری خەڵك.

2- جوامێر// ناوی ڕاستەقینەی(ئاراس)ە، پێش ئەوەی بچێتە شاخ، بەعسی بووە، چوارساڵیش بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی بووە، لەمکاتەدا، کچە فەرمانبەرێکی خۆی تەفرە دەدات، بەناوی پیرۆزی خۆشەویستی و بیانووی ئەوەی دەیخوازێت، فێری جەستەی دەبێت و دواجاریش دەیکات بە ژن، ئینجا هەڵدێت و دەچێتە شاخ و ناوی خۆی دەگۆڕێت بە "جوامێر"، بەڵام بۆ مەسەلەی دەستبازی هەرگیز دەستبەرداری کچە نابێت، کە ناوی "ئەختەر"ە، "جوامێر" یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرەکان لەناو ڕۆمانەکە، لە کۆتاییدا دەکوژرێت بە دەستی"مولازم تەحسین" بە پیلانێکی هاوبەشی"ئەختەر".

3- (مولازم تەحسین)// ئەفسەرێکی دامودەزگا داپڵۆسێنەکانی بەعسە، زۆر بێڕەحمانە لە دژی کورد و شۆڕشی کورد ڕەفتار دەکات، ڕۆژانە دەستی خۆی بە ئەختەر گەرم دەکاتەوە، بەناوی هێنان و خۆشەویستییەوە دواجار جوامێر دەکوژێت و ئەختەریش ڕاپێچی زیندان دەکات، ئەم "مولازم تەحسین"ە، دەستی بە خوێنی هەزارەها خەڵکی شارەکە سوورە و جەلادێکی بێڕەحمی خوێنڕێژە لە سەرەوە و بە ڕواڵەت مرۆڤ و لە ناخدا گورگ.

هەروەها چەندین کارەکتەری دیکە لەناو ڕۆمانەکەدا، کە ڕۆڵیان دەرخستنی کۆمەڵێك زانیاری وردە لەسەر(جوامێر و ئەختەر و مولازم تەحسین)، کە لە ڕێگەی گێڕانەوە، یاخود دایەلۆگ ئەم زانیارییانەی، کەوا خوێنەر و تەنانەت "ئەختەر"یش لێیان بێئاگایە ئەمانە دەیخەنەڕوو، کە ئەوانیش(پوورە ڕەعنا و باجی بنار)ە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەبەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان و دەرخستنی ناخی کارەکتەرەکانی، وەکو "ئەختەر و جوامێر و مولازم تەحسین" خوێندنەوەی ناخی کەسێتییەی(جوامێر)ی، درۆزن و تەفرەدەری"ئەختەر"، کە بەم ڕۆژەی گەیاندن ناوی بنێن سۆزانی و بێشەرەف.

مۆنۆلۆگ بە هەموو جۆرەکانیەوە پانتاییەکی فراوانی لەناو کورتەڕۆمانی(مولازم تەحسین و شتی تریش)ی، (فەرهاد پیرباڵ)دا گرتووە، جیا لە زۆربەس ڕۆمانەکانی دیکەی کوردی بە شێوەیەکی نوێ و لەسەر شێواز و شێوەی خۆی، کە شێواز و ستایلێکی تایبەتە بە نووسەر، کە(د.فەرهاد)ە، لە هەموو نووسەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. هەروەها(مۆنۆلۆگ)، هونەرێکی گرنگی ڕۆمانە بەشێکی تەواوی گێڕانەوەی داگیرکردووە لەلایەن حیکایەتخوانەوە، جا چ لەوکاتەی کارەکتەر حیکایەتخوانە، یاخود حیکایەتخوان و کارەکتەر هەر نووسەرە. نووسەر هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەم کارەکتەرانەی ناو ڕۆمانەکەدا هزر و بیر و هەست و دڵ و دەروونی کارەکتەر بخاتەڕوو، زۆربەی مۆنۆلۆگەکانی ئەم کورتەڕۆمانە، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، ئەمە مانای ئەوە نییە، بڵێیین جۆرەکانی تری فەرامۆشکردووە، بەڵام گرنگی زیاتری بە (ناڕاستەوخۆ) داوە، واتە ئەمە نووسەرە (د. فەرهاد پیرباڵ)ە، لەسەر زاری کارەکتەرەوە دەیەوێت کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونی خۆیمان ئاراستە بکات و فەلسەفە و گۆشەنیگا و دیدگایی خۆی لەڕێگەی کارەکتەرێك، یان زیاترەوە بگەێنێت بە خوێنەر، بۆ ڕاستی قسەکانمان دواتر لە پراکتیزەکردنی کارەکەماندا ئەم ڕاستییە دەخەینەڕوو.

**٢. ٢. مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ//** هەروەك لە بەشی یەکەمی تیۆرییەکەدا باسمانکرد ئەم جۆرە حیکایەتخوان لە ڕێگەی ڕاناوی(م)، یاخود جێناوی کەسی سەربەخۆ(من)، کەسی یەکەمی تاك، کارەکتەر ناکەوێتە ژێر کاریگەری نووسەر. واتە نووسەر لەسەر زاری کارەکتەرەوە قسە ناکات، بەڵکو کارەکتەر خۆی حیکایەتخوانە و باس لە ناخ و حەز و دڵ و دەروون و بیر و هزر و ئایدیا و بیرکردنەوەی خۆی دەکات و چاوەڕێی هیچ گوێگرێك، یاخود خوێنەرێك ناکات، وەڵامی بداتەوە. واتە؛ لە خودەوە بۆ خودە، ئەگەر سەیری کورتەڕۆمانەکەی(د. فەرهاد پیربال) بکەین زۆر بەکەمی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە بۆ گێڕانەوەی دەقەکە لەلایەن کارەکتەرە، لەبەرئەوەی ڕۆماننووس ناتوانێ بێتە ناو ژیان و هزر و بیرکردنەوە و هەست و دڵ و دەروون و کەسایەتی کارەکتەر، چونکە کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆی خۆی ئاشکرا دەکات و باس لەناخی خۆی دەکات و خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت، بەڵام هەموو نووسەرێك کەم تا زۆر هەوڵدەدات بەشێك لە ئایدۆلۆژیای خۆی بکات بە قسەی کارەکتەر و بیگەیێنێتە خوێنەر و بۆئەمەش باشترین جۆری مۆنۆلۆگ (مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە)، هەر ئەمەشە وایکردووە، زۆربەی ڕۆماننووسەکانی کورد ئەم جۆرەی (ناڕاستەوخۆیە) بەکاردەهێنن و پەنای بۆ دەبەن، د. (فەرهاد پیربال)یش، بەهەمانشێوە پەنایی بۆ جۆری دووەم زیاتر بردووە.

که لەلایەن(ئەختەر)ەوە، دەخرێتەڕوو، **((هەستم کرد بەلایەوە گرنگ نەبێ وەڵامی من ببیستێ)).** ( پیربال، 2001، ل19). ئەم کورتەڕۆمانە یەکێکە لە کورتەڕۆمانە جوان و پڕ چێژەکان لە ڕووی گێڕانەوەدا، چونکە نووسەر زۆر هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم توخمە کردووە، کە گێڕانەوەیە، چونکە هەمەڕەنگی و هەمە دەنگی(فرە دەنگی) هەردوو جۆرە ڕاناوە کەسیەکانی (من ـــ م)(تۆ ـــ ئەو) بەکارهێناوە. بەمەش وایکردووە گێڕانەوەکە هەمەجۆر بێت و لەسەر یەك ڕەوت و بە یەك ئاراستەدا نەرۆیشتووە، ئەمەش سەرکەوتنی بە بنیاتی کورتەڕۆمانەکە، دەگەینێت بەشێوەیەکی گشتی. هەر لە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆی تردا لەلایەن(ئەختەر)ەوە، کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و بە درێژایی ڕۆمانەکە لە ڕووداو و گێڕانەوەکاندا بەشدارە و ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبات و بەردەوامی بە ڕەوتی ڕۆمانەکە دەدات ئەختەر لە مێشکی خۆیدا، دەڵێت: **((ئەختەر دوو سێ جارانیش هاتە سەر زمانی کە پێی بڵێت: ئەم پارەیەم خێری من نییە! پاداشت و یارمەتی برادەرەکانی شەهید شوانە، بۆیان ناردووی..))** (پیربال، ل37-38).

- هەر چۆنێك بێ (ئەختەر) زۆربەی مۆنۆلۆگەکانی دروستکردووە، هەندێکجار ڕاستەوخۆ خۆی باسی ئەم نائارامی و ترس و دڵەڕاوکێ و ناخۆشیەی خۆی، یاخود ئەم ئاواتە لە مێژینەی، کە "ئەختەر" هەموو شتێك دەکات بۆی تا پێیبگات تەنانەت ئەگەر شەرەف و ناموسی خۆیشی بۆ تەرخان بکات، ئاساییە لای بۆ گەیشتن بە جوامێر. زۆرجار ڕاناوی(من) کاتێك بۆ گێڕانەوە بەکاردێت دەبێت بە کارەکتەر واتە کارەکتەر قسە دەکات، ئەوا مانایی واییە حیکایەتخوانە دەدوێت واتە دەبن بە یەك، واتە(کارەکتەر و حیکایەتخوان)، کەواتە ((زەینی کارەکتەری ڕۆمان لە شوێنی کەسی یەکەم(من - حیکایەتخوان) دەبێت و لە ئەنجامدا ڕاستەوخۆ شتەکانمان بۆ دەگوازێتەوە)). ( شێخ محمد، 2007، ل190). کەواتە کاتێك کارەکتەر بە تەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت مانایی وایە حیکایەتخوان لەگەڵ خۆی دەدوێت و لە ئەنجامدا زانیارییەکان بەخوێنەر دەگەێنن. هەروەك لەم مۆنۆلۆگی(ئەختەر)دا، کە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆییە(من)ی، کارەکتەر(من)ی، حیکایەتخوانە **((باشە، من چی بکەم؟ جوامێر ناتخوازێت! جوامێر ئەگەر چی ڕۆشنبیرە، ئەگەر چی زۆریشی خۆشدەوێت، بەڵام جەسارەتی ئەمە ناکات تۆی(سۆزانی و ڕیسوا) بخوازێت!**

**جوامێر لەوە دەترسێ، ئەگەرتۆی خواست، خەڵك پەنجەی بۆ درێژ بکەن و بڵێن: ئەوەتا، هەموو کوڕی سلێمانی خۆی بە"ئەختەری قادر قووتوو، کردۆتە پیاو، کەچی ئێستا ژنی ئەو پاڵەوانەیە، کە هەموو سلێمانی شانازیی پێوەدەکا.**

**کەس باسی ئەمە ناکا، کە هەر ئەو پاڵەوانە خۆشی کاتی خۆی"ئەختەری" کردۆتە"سۆزانی".**

**-هەر چۆنێك بێ، جوامێر ترسنۆك و درۆزنە.**

**- باشە، ئێستا، من چی بکەم؟**

**- باشە، بەڕاستی، سەرەڕایی هەموو شتێك، من بۆچی شوو بە"مولازم تەحسین" نەکەم؟! بۆ نا؟**

**- ئێستا دەڵێن"ئەە"،"تەیری پووت عاشق بەداری زەقنە پووت"**

**- هەندێکی دیکەش دەڵێن: ئەوەتا، قەزان قەپاغەکەی خۆ دۆزییەوە".**

**- پێشمەرگە و جەماعەتی شاخیش بە جنێو دەمشۆنەوە دەڵێن: ئەوەتا دەرکەوت ئەختەرە قەحپەی قادر قووتوو جاسووس بوو! چۆن دەنگ و باس و نهێنییەکانی حکومەتی لە مولازم تەحسین وەردەگرت و بۆ ئێمەی دەنارد، هەبێ و نەبێ هی ئێمەشی گەیاندۆتە مولازم تەحسین. جاسووسی خەت مایلی هەردوولا بووە، لە هەمان کاتدا، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت، کە جاسووسی ڕاستەقینە و بەکرێگیراوی بەعس بووە)).** ( پیرباڵ، ل42-43).

لەڕاستیدا ئەگەر سەیری ئەم دەقەی سەرەوە بکەین، کە(ئەختەر) وەکو مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ ناخ و دڵ و دەروون و ئەم گرفت و کێشە دەروونییەی تێیکەووتووە دەخاتەڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نووسەرە لە شوێن کارەکتەر قسە دەکات. واتە "حیکایەتخوان" ڕۆڵی کارەکتەری"ئەختەر" دەبینێ بۆ گێڕانەوە بە ڕاناوی(من)ی، کارەکتەر مۆنۆلۆگ دەکات، ئەم مۆنۆلۆگە یەکێکە لە مۆنۆلۆگە درێژەکانی ئەم کورتەڕۆمانە، کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە مەرج نییە مۆنۆلۆگ زۆر کورت بێت، یاخود درێژ بێت، یەکێك لە خاسیەتەکانی مۆنۆلۆگ شێوازی پرسیار و وەڵامە لەناو ناخی کارەکتەر. مۆنۆلۆگەکانی ئەم کورتەڕۆمانەش پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، لەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا دەبینین کە چۆن (ئەختەر) کەوتۆتە نێو گرفتێکی گەورەوە نازانیت چی بکات و بە کامیان بڕوا بکات و شو بەکامیان بکات هەرچەندە (جوامێر)ی خۆشدەوێت، بەڵام ئایا "جوامێر"یش "ئەختەر"ی خۆشدەوێت؟! ئەمە و چەندین باسوخواسی تر لە ناخی(ئەختەر)، دێت و دەچێت، کۆمەڵێك زانیاری ورد دەخاتەڕوو، لەوانەش بەراوردکردنی "جوامێر و مولازم تەحسین" لەناو ناخی خۆیدا، یا خەڵکی ئاسایی و خەڵکی خاوەن بڕوانامە و ڕۆشنبیر، یاخود پێشمەرگە. بەشێوەیەکی گشتی(ئەختەر) دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە بیرکردنەوەی خەڵك و کۆمەڵگەی کوردی چۆنە بۆ کچێك، کە بە ناشەرعی کچینی خۆی لە دەست دابێت و کرابێتە قوربانی خۆشەویستێکی پاك و بێفێڵ. هەروەها سادەیی ئافرەتی کوردمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە چۆن هەمیشە نێچیری داوی کەسانی "جوامێرئاسان" بەڕواڵەت مرۆڤ لە ناخدا گورگ، بەئاشکرا هەست بە بیرو ڕا و ئایدیۆلۆژیای نووسەر دەکەین لەڕێگەی ئەو مۆنۆلۆگانەی لەڕێگەی (ئەختەر و جوامێر و مولازم تەحسین)دا، گێڕانەوەی پێ ئەنجامدراوە بەتایبەتی (ئەختەر)، چونکە باسی ژیانی تاك دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بەتایبەتی کوردستان و تاکی کورد، کە چۆن دەڕواننە ئافرەت و بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی "ئەختەرئاسان" یاسا قەدەغەکان و ئایین و کۆمەڵگە دەشکێنن، کە چۆن دەبێتە مرۆڤێکی بێ نرخ و سووك لەناو کۆمەڵگەدا، تەنانەت لەلایەن ئەو تاکەی، کە ئەنجامدەری کارەکەیە، کە لەبەسەرهاتی ژیانی "ئەختەر"دا، بەرچاومان دەکەوێت و (جوامێر)یش، بەشێکە لە کارەکە و سەرەتای کێشە و گرفتەکانی "ئەختەرە". کەواتە لێرەدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و چارەنووس بۆ ئەختەری کارەکتەر، کە پارسەنگ و چەقی ڕووداوەکان بە ئەوەوە پەیوەستن، ئەویش ئەوەیە ئایا(ئەختەر) قوربانی دەستی درۆ و فێڵی پیاوە، یاخود سۆزانییەکی ناسراوە؟!، لەڕێگەی مۆنۆلۆگەکانی ( ئەختەر – مولازم تەحسین – جوامێر)ەوە، ئەو ڕاستییە و وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەر جێدەهێڵین و با خۆیان خاوەن بڕیاربن.

لە مۆنۆلۆگێکی دیکەدا، کە لەلایەن(ئەختەر)ەوەیە، **(( ئەختەر کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە: ئەوان ڕێگە نادەن جارێ بمخوازیت؟!)).** ( پیربال، ل56). زۆربەی مۆنۆلۆگەکان

نووسەر لەڕێگەی پرسیار لەخۆکردن دەست پێ دەکات، ئەمەش یەکێکە لە شێوازە سەرکەوتووەکانی پێشکەشکردنی مۆنۆلۆگ. لەم دەقەی سەرەوەی(ئەختەر) هەست بەمە دەکەین، کە چۆن(ئەختەر) لە ناخەوە تووشی تێکشاندنێکی لەناکاو دەبێت، یاخود لە ڕووی دەروونییەوە چۆن تێکدەشکێ و ئاواتەکەی کە مێردکردن بووە بە(جوامێر)، نایەتەدی و لە چرکە ساتێك لەناو دەچێت و وەك شووشە دەشکێ و ورد و خاش دەبێت. هەروەها چۆن(جوامێر) پیرۆزترین شت و هەستیارترین بابەت دەهێنێتە ناو درۆ و مەرامەگلاوەکانی خۆی لە پشتەوە پێ جێ بەجێ دەکات ئەویش(پێشمەرگ)ە و مەکتەبی سیاسی حیزبێك، کە حیزبێکی کوردییە لە شاخە و خەباتی کوردایەتی دەکات، ئەم مەسەلەییە لەناو خەڵکی کوردا چەند پیرۆز و بەپیرۆزکراوە، هەر بۆیەش(جوامێر) ئەمەی بەهەڵزانی کەوا(ئەختەر) ئەمە بە ڕاست وەردەگرێت و بڕواومتمانەی بە(ئەختەر) دەهێنێ و خۆشی پێ ڕزگار دەکات. (توێکاری" تشریع" و خوێندنەوەی کەسێتی ڕاستەقینەی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی هەر دەقێك، چەندە ئەرکی نووسەرە، لەوەش زیاتر کاری خوێنەرە درکییان پێبکات و وەك خۆی بیانناسێت). (ئەحمەد، 2003، ل99). (جوامێر) تاوانبارە، چونکە دەیەوێت بەناو شۆڕش و پێشمەرگەوە زیاتر(ئەختەر) تەفرە بدات و زیاتر تووشی نەخۆشی دەروونی و ئاڵۆزی ناخی بکات، ئێمە دەتوانین لەوە تێبگەین، کەوا(جوامێر) چەندە(ئەختەر)ی خۆشدەوێت و وەفادارە بۆی و ئامادەی قوربانی دانە لە پێناوی وەك ئەو خۆشەویستی و قوربانیدانەی(ئەختەر) بۆ(جوامێر)ی کردووە خوێنەری هۆشیار و بەئاگا بە جوانی و بە ئاشکرا درك بەم ڕاستیە دەکات.

**((ئەختەر ئەمەی بیست، زیاتر شڵەژاو دوایی ((قەیرێك بیرکردنەوە)).** (پیربآل، ل57) ئەگەر سەیری مۆنۆلۆگەکان بکەین تەواو هەست بە تێکشکاندنی کات و شوێن و کورتکردنەوە زەمەنێکی زۆر کە لە چەند وشەیەك، یاخود ڕستەیەك دەخرێنەڕوو دەکەین، ئەم پرسیارە و کۆمەڵێك پرسیاری دیکە، کە لە ناخ و دەروون و زەینی(ئەختەر)دا گوزەر دەکەن، تەنیا پرسیارگەلێکی ئاسایی نین، بەڵکو پرسیاری بەشێکی زۆر کۆمەڵگەن بەتایبەتیش ڕەگەزی(مێ)یینە، ئەمە خەمی هەر کەسێکە لەناو ژیاندا، کە ڕووبەرووی هەمان چارەنووس دەبنەوە بەناوی بریسکەدار و ڕەونەقەوە، کە خۆشەویستییە، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین، کە چۆن خۆشەویستی و هەوەزبازی"پەیوەندی جەستەیی" بوونتە دوو شتی تێکەڵ بەیەکدی لە شوێنی یەکدی لەلایەن کەسانی وەکو"جوامێر و مولازم تەحسین" بەکاردێن و پراکتیزە دەکرێن.

لە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆی"ئەختەر" بەڕاستی لەم دەقەدا دیارە کەوا(من)ی کارەکتەر و (من)ی، حیکایەتخوان یەکن واتە لێرەدا، کە "ئەختەر" دەدوێت ئەمە "ئەختەر" نییە، بەڵکو ئەمە حیکایەتخوان دوان دەکات و لەسەر زاری کارەکتەر بۆ ئەوەی بیرەکانی خۆی، یاخود ئەم پەیامەی دەیەوێ بیگەینێ و خوێنەر هەستی پێنەکات وەك(ئەختەر) **(( لە دڵی خۆیدا دەیگووت ئەمە دووایین وەرەقەیە کە لە دەستی ئەوان و لە دەستی منیشدا ماوە"! دەتوانم لە بەرژەوەندی خۆمدا بە کاری بهێنم بە"جوامێر"ی نەگووت: باشە، بەڵام بەمەرجێك مەکتەبی سیاسی حزب ڕازی ببێت، کە تۆ من بخوازیت و بەیەکەوە بتوانین لە شاخ بژین!)).** ( پیربآل، ل105-106).

نووسەر جۆرێکی جیاواز و شێوازێکی زۆر تایبەتی بەکارهێناوە جیاوازە لەگەڵ هەموو ڕۆماننووسە کوردەکان، ئەویش لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە، کە بە فۆڕمی ئەوە دەستپێدەکات، کە دەڵێت: (ئەختەر) بە "جوامێری" نەگووت، یاخود (ئەختەر بە مولازم تەحسینی نەگووت)، واتە بەشێوەیەکی ئاسۆیی دوو ڕووداو پێکەوە دەگێڕێتەوە، لەیەک لاپەڕەدا و لاپەڕەکەش کراوە بە دووبەشەوە. بەڕاستی ئەمە زیرەکی و بەهرەی بەکارهێنانی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ تۆخم و هونەرەنوێیەکان دەگەیێنێت، بەشێکی زۆر مۆنۆلۆگەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بەم فۆڕمە و بەمشێوازە دەست بە گێڕانەوەی دەکات، کە دەڵێت ئەختەر بە جوامێر، یاخود بە مولازم تەحسینی نەگووت، ئەمە شێوازێکی نوێی دەربڕینی مۆنۆلۆگە.

لە مۆنۆلۆگێکی دیکەدا، کە لەلایەن "ڕەعنا"وە، دەگێڕدرێتەوە، کە دەڵێت: **((دووایە لە دڵی خۆمدا گووتم: لەوانەیە چاوەڕێی جوامێر بکات سەری لێ بدا! دەنگیشم بدایە، هەموو دەرو دراوسێ خەبەریان دەبۆوە. چووم نووستمەوە)).** (پیربال، ل125)، لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا نووسەر چەند هونەرمەندانە و دووربینانە ڕۆڵی حیکایەتخوان دەگوازێتەوە هەر تەنیا لەسەر زاری یەك کرەکتەر ڕووداو و وێنە و دیمەنەکانی ناو کورتەڕۆمانەکە ناگوازێتەوە، واتە کەسێکی وەکو "پوورە ڕەعنا" تەنانەت لەخودی (ئەختەر)یش، کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان باش و جوانتر کارەکتەرەکانی وەکو(جوامێر و مولازم تەحسین) دەناسێت لە گێڕانەوەکانیدا زۆر لایەنی شاراوەی ئەم دوو کارەکتەرە دەخاتەڕوو، کە (ئەختەر) بێ ئاگاییە لێیان و نازانێت، کەواتە ئەوە زیرەکی (فەرهاد پیربال)ە، دەنگی لە پشتەوەی کارەکتەرەکانەوە دێت و ئایدیۆلۆژی و ئەوەی، کە دەیەوێ بیگەیێنێتە خوێنەر و کۆمەڵگە و پەنجە لەسەر کەموکوڕی و گرفتەکانی ئافرەتی کورد دابنێ، کە چۆن سزایەکی بێڕەحمانە دەدرێن لەسەر کارێك، کە حەز و ئارەزووی هەموو تاکێکی ڕۆژهەڵاتییە بە گشتی و تاکی(نێر و مێ)ی کورد بە تایبەتی، کە ئەویش خۆشەویستی و حەزی سێکسییە. ئەرکی نووسەر لەناو دەقدا شیتەڵکردنی هەموو لایەنێکی کارەکتەر، یاخود کەسێتییەکان نییە، بەڵکو ئەمەیان زیاتر ئەرکی ئێمەیە، چونکە لە خوێندنەوەی دەقی هاوچەرخدا، ئەرکی خوێنەر هیچی وای لە ئەرکی نووسەر کەمتر نییە، چونکە خوێنەر کار لە دەق دەکات تەنانەت هەندێکجار((خوێنەری جدی دەقێکی ناتەواو تەواو دەکات)). (عومەر، 2010، ل88-89). واتە ئەم دەقانەی، کەوا تەواونەکراون تەواوی دەکات. بێگومان مەبەستمان ئەوە نییە، کە دەقە لە ڕووی هونەرییەوە ناتەواوە.

هەر لە مۆنۆلۆگێکی تردا لەسەر زاری (ڕەعنا)ی، "ژنی مامەندە مۆنی" **(( لە دڵی خۆمدا گووتم: ئەیەڕۆ، ئەمە ئەختەر بە عەرەبی قسە لەگەڵ کێ دەکا بەم شەوە درەنگە! پاشان یەکسەر تێگەیشتم، گووتم: ئەمە دیسان مولازم تەحسینی لەلایە! باوەڕم پێ بکە.....)).** (پیربال، ل126).

جارێکی دیکە لەهەمان گێڕانەوەدا لە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆیی دیکەی (ڕەعنا)دا، کۆمەڵێك نهێنی و گۆشەنیگای جیاوازمان بۆ دەخاتەڕوو لە بارەی چۆنیەتی کوشتنی (جوامێر) تەنانەت ژمارەی چەکدارەکانیش باس دەکات و شوێن و کاتی ئەنجامدانی ئەم پیلانەش دەخاتە ڕوو لێرەدا هەست بە دەنگی نووسەر دەکەین لە دڵی پوورە (ڕەعنا) کە دەڵێت: **((لە دڵی خۆمدا گووتم: تۆ**

**بڵێی ئەم هەموو موشتەرییە بە جارێك لە ئەختەر هاتبێتنە ژوورەوە؟ من چووزانم بۆسەیان بۆ جوامێر داناوەتەوە؟!)).** ( پیربال، ل127). ( میشێل بۆتۆر) لە (کتێبی چەند توێژینەوەیەك لە ڕۆمانی نوێدا) دەڵێ: (( ئەوانیش (نووسەر و خوێنەر) پاڵەوانن لەناو چیرۆکدا، کە ئەمەی دوایی بەشێوەیەکی سروشتی سیفەتی ڕاناوی بزر وەردەگرێ، واتە(ئەو) کە ئەو کەسەیە قسەی دەربارە دەکرێ و چیرۆکی ژیانی ئەو دەگێڕێتەوە، ڕاناوی بزری(ئەو) لە دەرەوەی چیرۆك جێمان دەهێڵێ. هەرچی ڕاناوی(من)ە، ئەوا دەمانباتە ناوەوە، کە ڕەنگە ئەم ناوەوەش وەك ژوورێکی تاریك قفڵ درابێت، ئەم ژووره وێنەگرێ فیلمی تێدا دەشواتەوە، لێرەدا ئەو کەسە ناتوانێ بێلایەن بێت و بێلایەنانە لە خۆی بدوێ، بۆ نموونە ڕاناوی(من) لە پشت خۆیدا ڕاناوی(ئەو) دەشارێتەوە، ئەمەش وا دەکات پەیوەندیەکی تایبەت و هەمیشەیی لەنێوانیاندا بخولقێ، ئەگەر وردتر بڕوانینە ڕاناوەکان، ئەوا پەیوەندی قووڵی ئەوان و بنیاتی قووڵی ناو چیرۆکمان بۆ دەردەکەوێت دەتوانین نموونەی ئەوەش لە دیالۆگی ناوەوەکی بدۆزینەوە)). ( ئەڵوەنی، 2011، ل99-100).

**۲. ۳. مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ//**

ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەیە، کەوا لەڕێی کەسی سێیەمەوە دەردەبڕێت و ڕاناوی سەربەخۆی(ئەو) لە گێڕانەوەدا بەکاردێت، کە مانای ئەوە دەگەیێنێت ناتوانرێ دەستبەرداری نووسەر، یاخود حیکایەتخوان بین، حیکایەتخوان ڕۆڵی نێوەند لەنێوان کارەکتەر و خوێنەر دەگێڕێت. مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە خوێنەر دەدات. واتە خودی نووسەر خۆی لەدەروونی کارەکتەرەکان دەدوێ و هەڵوێست و کردارە شاراوەکانی دەخاتەڕوو، بەڵام لەڕێی زمانی کارەکتەرەکەوە ئەم کارە دەکات. واتە خوێنەر هەست بە ئامادەبوونی نووسەر دەکات، جگە لەمەش هەست بە ئاگایی خۆی دەکات، وەك گوێگرێك لەناو ڕۆمانەکەدا لەم جۆرەیاندا کەمتر، یاخود هەست بە شڵەژان و شپرزەیی ڕستەکانی ناو زەینی کارەکتەر ناکەین، یاخود زۆر کەمە، چونکە نووسەر حیکایەتخوانە و ڕۆڵی کارەکتەر دەبینێ، بەڵام هێشتا ناتوانێ بەتەواوی بچێتە قووڵایی ناخ و دەروون و زەینی کارەکتەر بە جیاواز لەگەڵ مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا، کە کارەکتەر باشتر و قوڵتر دەتوانێ باس لە ناخ و حەز و ئارەزووەکانی ناو زەین و دڵ و دەروونی بکات، چونکە نووسەر لە دەرەوەی مۆنۆلۆگەکە دەبێت و هەست بە دەنگی نووسەر خۆتێ هەڵقورتاندنی نووسەر ناکرێت. لەمکاتەدا **((مولازم تەحسین ئەوەی بیرهاتەوە، کە چۆن مانگێك بەر لە ئەمرۆ، ژن و هەر سێ کچە عازەبەکەی حاکم نەریمان نەوڕۆڵی لەسەر ئەوەی حاکم نەریمان لەم دوواییەدا بەیەکجاری پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردبوو دابوویە شاخ، پەلکێشی ئەمنە سوورەکەیان کردبوون، چۆن لەوێ کچە گەورەکەی حاکم نەریمان لە گۆشەییەکی تەعزیبخانەدا لێی پاڕایەوە و گووتی: مولازم تەحسین، تۆ بەتەنیا خۆت چیم لەگەڵ دەکەی بیکە، تەنیا مەهێڵە فەرمانبەرەکانی دیکە لەوە زیاتر ئازارمان بدەن، چۆن لەم کاتەشدا مولازم تەحسین تێگەیشت، کە فەرمانبەرەکانی دیکەی ناو ئەمنە سوورەکە لە کاتی ئازاردانادا بە زۆرەملێ ژن و هەر سێ کچە عازەبەکەی حاکم نەریمانیان ئەتك کردووە)).** (پیربال، ل7-8). لەم دەقەدا نووسەر لەڕێگای شەپۆلی هۆشەوە بە بەکارهێنانی (فلاشباگ) ڕابردوو بە بیر خۆی دەهێنێتەوە، کە چیان لە خێزانی پێشمەرگە و کچەکانیان کردوون، هەروەها لایەنێکی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کەوا هەر تەنیا کار بەدەستە

گەورە و پلەدارەکان نەبوونە خەڵکیان هەتك کردووە، بەڵکو پۆلیس و چاودێرانی بەندیخانەکەش بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ پرسی گەورەکانیان کاری سێکسیان لەگەڵ بەندییەکاندا ئەنجامداوە. حیکایەتخوان دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە (ناڕاستەوخۆ)، ئەوە بەخوێنەر بگەیێنێت، کەوا (مولازم تەحسین) ئاگاداری ئەم کارەی ئەوانی دیکە نەبووە، کە کاری سێکسی لەگەڵ بەندییەکاندا دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا هەروەك باسمانکرد ئەرکی نووسەر ئەوە نییە هەموو شتێك لەبارەی کارەکتەرەکانەوە ئاشکرا بکات و بیدرکێنێت، هەرچەندە گێڕانەوە لەلایەن حیکایەتخوانی هەمووشتزانیش بێت، چونکە ئەمە ئەرکی خوێنەری زیرەکە کۆمەڵێك شتی باس نەکراو و نهێنی بدۆزێتەوە و بە قووڵی بۆی بچێت، ئەرکی خوێنەر لێرەدا ئەمەیە، کەوا باش بزانێت، چۆن دەبێ کارمەندێك، یاخود پۆلیسێکی بەندیخانە کارێکی وابکات، کەوا بەرپرسی بەندیخانە، یاخود گەورەکەی وەکو "مولازم تەحسین" بێئاگا بێت. بۆیە نابێت وەکو خوێنەرێکی سادە و ساکار بە هەموو شتێکی ناو دەقەکە باوەڕ بکەین و هەڵبەخەڵەتێین، هەروەکو چۆن لە کێشانی وێنەی کەسایەتی (جوامێر) لەژێر جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و ناوی حیزب و شۆڕشی گەل چەندین کاری نەشیا و نابەجێ و فێڵ وتەفرەدان و تەڵەکەبازی دەکات، لەگەڵ (ئەختەر) لێرە دەبێت خوێنەر لەمە تێبگات، کەوا ئەمە پیشەی پێشمەرگە و شۆڕش نییە، وا تێبگات کەوا نووسەر(ڕۆماننووس) سوکایەتی بە ناوی پێشمەرگە و شۆڕشی کورد کردووە، نەخێر دەبێت وا دەقەکە هەڵبسەنگێنی و خوێندنەوەی بۆ بکەین، کەوا(جوامێر) لە ژێر ناوی پیرۆز و جلی پێشمەرگە و ناوی پاکی شۆڕش لەکەدار بکات بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دەبێت بە پێشمەرگە، چونکە لەلایەك پارە دەبات لە حوکمەت، کە ئەم پارەیە تەنیا مافی حیزبی بەعس نەبووە، بەڵکو ئەمە پارەی فەرمانگەیەك بووە، لەلایەکی دیکە پاش ئەوەی قۆڵی (ئەختەر) دەبڕێت و تەفرەی دەدات و لەژێر ناوی پاك و پیرۆزی عیشق و خۆشەویستی دەیکاتە ژن و کچەیەتی لە دەستدەدات و بەم هۆیە کۆمەڵگە و ئایین و یاساکانی کۆمەڵایەتی نەفرەتی لێدەکەن و دەکەوێتە دەرەوەی بەهاکان و کۆمەڵگە و سووك و بێنرخ دەبێت، لە چاوی خەڵك و تەنانەت خانەوادە و ئەو کەسەی تووشی ئەم کارە ناڕەوا و نابەجێیە کردووە، کە (جوامێر)ە. بۆیە پێویستە لەکاتی خوێندنەوەی هەر دەقێك خوێنەر هۆشیار بێت و ڕاز و نهێنییەکانی ئەم دەقە بدۆزێتەوە، ئەگەر نا تووشی هەڵەی گەورەی لێکدانەوەی دەق دەبیت، هەروەکو چۆن ئەم هەڵە تێگەیشتنانەی پاش بڵاوبوونەوەی ئەم کورتەڕۆمانە ڕوویاندا و نووسەریان (د. فەرهاد پیرباڵ) تووشی زۆرترین سەر ئێشە و گرفت کردەوە. کەواتە خوێندنەوەی هەڵە و ئاشکرانەکردنی نهێنییەکان و پەی پیانەبردنی شوێنە قووڵەکانی دەق ئەم دۆخە ڕوودەدات و نەهامەتی و کێشە و گرفت بۆ خودی نووسەر دروست دەبێت.

لە مۆنۆلۆگێکی دیکەی ناڕاستەوخۆدا، کە لەلایەن (جوامێر)ەوە دەخرێتەڕوو، کە حیکایەتخوان لەسەر زار و زمانی (جوامێر) دەیەوێت هەندێك شتی نهێنی ئاشکرا بکات، دەڵێت: **(( جوامێر لەم کاتەدا ئەوەی بیرهاتەوە، کە چۆن ئەو وەختەی لە گوندی(بەرداوا) بوون مامۆستا حەیدەر فەیلی لەو دیوو بارەگاکەی خۆیانەوە لەناو بێشەڵانە ڕەنگین و فێنکەکەدا، کە کەوتبووە ناو دۆڵەکە، لە پەنا دیواری ئەو خانووەی، کە کردبوویان بە مزگەوت و نوێژیان تێدا دەکرد هەر چوارپەلی جوانووەکەی (مام رەقیبی نانهێن)ی، بەستبۆوە تەنەکەیەکی بەرزیشی لە ژێر**

**پێی خۆی دانابوو، کەوتبووە سەر کەفەڵی جوانووەکە، هەروەها چۆن پاشان مام ڕەقیبی نانهێن کاتێ چاوی بەم دیمەنە دەکەوێت، یەکسەر شاڵاوی بۆ دەبات و لێی تێکدەدات و دەبێتە هەرایان، چۆنیش پاشان مام ڕەقیبی نانهێن لە دادگای شۆڕشی ناو گوندەکە، شکایەتی لە مامۆستا حەیدەر فەیلی کردبوو لەسەر ئەوەی، کە چۆن دەبێ مامۆستا حەیدەرێکی پێشمەرگە بچێ جوانووی خەڵکی هەژاری لادێ بخاتە ژێر حەملەی خۆیەوە؟!))**. (پیرباڵ، ل7). لەم دەقەدا دەبینین لەڕێگەی تەوژمی هۆشەوە ئەویش هێنانە پێش چاوی دیمەنێکی نەشێوای کەسێك، ئەم کارەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەتەواوەتی ڕەتدەکرێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر لە بن دیواری مزگەوتێك بێت، لەڕووی کاتەوە دەبینین کاتی ڕابردووە بۆ کاتی ئێستا دەگەڕێنێتەوە، واتە باسی ڕووداوێکی ڕابردوو دەکات، بەڵام لەگەڵ ئێستا دەیگونجێنێت بەیەکەوەی دەبەستێتەوە، لەگەڵ ڕووداوێکی دیکە، کە پەیوەستە بە ژیانی (جوامێر و ئەختەر) بۆیە (جوامێر) ئەم دیمەنەی (مام ڕەقیبی نانهێن) بەبیر خۆی بێنێتەوە و مۆنۆلۆگێك دروست بکات و هەندێك نهێنی ئاشکرا بکات ئەویش ژیانی پێشمەرگەیە لە شاخ و دوور لە خێزان و دایك و باوك و هاوڕێکان، بەڵام لە هەموو پێویستر پڕکردنەوەی لایەنێکی جەستەیە لەلایەن پیاوانەوە، ئەویش (سێکس) تێرکردنی حەزی سێکسییە، کە چۆن مامۆستایەك هەر کەسێکی ئاسایی خاوەنی حەزێکی سێکسیی و جەستەیە. کەواتە نووسەر دەیەوێت ئەمە بخاتەڕوو، کەوا "فرۆید ئاسا" حەزی سێکسیی، کە لە ناخی مرۆڤەکاندا کپکراوە، ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە کەسێك، یاخود چینێکی کۆمەڵگە، بۆیە زۆرئاساییە مامۆستایەك بێت، یاخود نەخوێندەوارێك بێت، یاخود پێشمەرگەیەك، یا پیرە پیاوێك، یا گەنجێك، یاخود ئافرەتێك...هتد. لە ڕوانگەی کەسێکی بە تەمەنی وەکو (مام ڕەقیب)، کە گوندنشینە ئەم شتە چۆن دەبێ کەسێك مامۆستا بێت کاری وا بکات، بەڵام لە ڕوانگەی کەسێکی ڕۆژئاوایی و تیۆری (فرۆید) ئەمە پرۆسەیەکی ئاساییە بۆ هەر تەمەن و ڕەگەزێك و پلەوپایەکی کۆمەڵایەتی، ئێمە بە ئاشکرا هەست بە گۆشەنیگای نووسەر دەکەین لەم دەقەدا هەست دەکەین (جوامێر) بە مەبەست ئەم ڕووداوەی بەبیر خۆی هێناوەتەوە تاوەکو بە (ئەختەر) بڵێت بەبێ ژنی و بەبێ تۆ من ناتوانم بژیم و بێمە شار سەر لە تۆ نەدەم، تاوەکو زیاتر وا لە ئەختەر بکات هۆگری بێت و باوەڕی پێبکات، کە (ئەختەر)ی زۆر خۆشدەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا خوێنەر لەسەر دیالۆگی و گێڕانەوەی (پوورە ڕەعنا) و چەند کەسێکی دیکە ئەوە دەزانێ، کە (جوامێر) تەنیا حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی بە (ئەختەر) تێردەکات و دەستی دەستی پێدەکات و دەستی خۆی پێ گەرم دەکاتەوە. لەمۆنۆلۆگێکی دیکەدا **((جوامێر، لەکاتێکدا ئەم ڕووداوەی بیرهاتەوە... بیرۆکەیەك دڵی ڕنەک دا: ژیانی پێشمەرگایەتی، ئەگەر بە قسەی فرۆید بووایە، دەبووە گرینگترین سەرچاوەکانی داهێنان، چونکە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتی هەمیشە، لێوان لێوە لە کپتی سێکسی))**. (پیربال، ل8-9). لەم دەقەدا حیکایەتخوان پێمان دەڵێت، کە (جوامێر) کەسێکی ڕۆشنبیر بووە و ئاگاداری تیۆرەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و نووسەرەکانی جیهانی فرۆید و هاوشێوەی ئەو بووە و کەسایەتی و ئایدیۆلۆژیایی (جوامێر) مان، بۆ دەخاتەڕوو، کەوا کەسێکی چەپ بووە و مارکسی بووە.

لە مۆنۆلۆگێکی دیکەدا، کە حیکایەتخوان لەسەر زاری (ئەختەر) واتە لە جیاتی (ئەختەر) گێڕانەوەکە پێشکەش دەکات، بە واتایەکی دیکە حیکایەتخوان بووەتە پێوەند لەنێوان کارەکتەر و خوێنەر. **((ئەختەر لە دڵی خۆیدا دەیگووت: ئەگەر بە ڕاستی خۆشی نەوێم و متمانەم پێ**

**نەکات، چۆن نهێنی ئەوەم لەلا دەدرکێنێت، کە ئەگەر چی (رەفیق) حیزبیە و لەناو حیزبی بەعسدا کار دەکات، بەڵام خەت مایلە و لەناو خەباتی نهێنی لە پێناو نیشتیماندا دەکات؟ چۆن ئەوەم لەلا دەدرکێنێت، کە سەر بە پێشمەرگەییە، ئەگەر بە ڕاستی خۆشی نەوێم و متمانەم پێ نەکات، چۆن منیش لەگەڵ خۆیدا دەخزێنێتە ناو هەمان شانەی ڕێکخراوی نهێنی شاخەوەو چارەنووسی من بە چارەنووسی خۆیەوە گرێ دەدات؟ چۆن دەیەوێت بم کاتە بەرپرسی شانەکانی ڕێکخراوی نهێنی ئافرەتانی ناو شار و پلەی بەرزی حیزبیم پێ ببەخشێ)).** (پیرباڵ، ل19-20). زۆربەی مۆنۆلۆگەکانی ئەم کورتەڕۆمانە مۆنۆلۆگی درێژن، ئەمەش زیاتر بۆئەوەی حیکایەتخوان بتوانێ لەڕێگەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگانەوە ئەو مەبەست و پەیامەی دەیەوێ بە خوێنەری بگەێنێت، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کەوا مۆنۆلۆگ هونەرێکی چەندە گرنگ و پێویستە بۆ ڕۆمان و گێڕانەوەی ڕووداو و وەسفی کارەکتەرەکان و خستنەڕووی دڵ و دەروونی کارەکتەرەکان، کەواتە گێڕانەوە پەیوەندییەکی زۆر پتەوی بە وەسفەوە هەیە مۆنۆلۆگیش بەشێکە لە گێڕانەوە، چونکە لەڕێگەی وەسفەوە هەندێکجار کات دەوەستێ بەتایبەتی، ئەگەر وەسفەکە وەسفێکی وەستاو بوو، ((لەڕێگەی وەسفی وەستاوەوە دەتوانین باری کۆمەڵایەتی و دەروونی کارەکتەرەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و ژینگەی کارەکتەرەکان دەرببڕێت و بخرێتەڕوو، وەسفی جووڵاویش، کە لەڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا بەکارهاتووە بەشدارییەکی چالاك دەکات لە بزوتنەوەی ڕووداوەکاندا و نابێتە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی زەمەنی گێڕانەوە و پەیوەندی وەسف و گێڕانەوە لە ڕێی چەند ئاستێك دەردەکەوێ، وەسف و گێڕانەوە پێکەوە جیهانی خەیاڵی گوتاری ڕۆمان دەست نیشان دەکەن و کۆمەڵێ زانیاری و وردەکاری پێوەندار بە ڕووداو و کارەکتەر و کات و ئەتمۆسفیرەکان بە خوێنەر دەدات)). ( حەمید، 2011، ل203).

لە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا، کە حیکایەتخوان لە ڕێگەی (ئەختەر)ەوە، بۆمان دەگێڕێتەوە، **((ئەختەر بۆ ئەوەی شەخسییەتی (جوامێر) نەشێوێنێ دڵی نەدەهات بە باجی بناری ژنی مامەندە مۆنی، بڵێت: تەنانەت دوواتریش، کار گەیشتە ئەوەی کە جوامێر بۆی نووسیم، گووتی: قەیناکە، لەگەڵیان کار بکە، بۆ ئەوەی بتوانیت بە خەتی مایل، لەناو شار درێژە بە خەباتی ژێر زەمینی و سیاسییانەی خۆت بدەیت))** (پیربالٌ، ل30).

یاخود لە مۆنۆلۆگێکی دیکەدا **((ئەختەر شەرمی دەکرد بە باجی بناری ژنی مامەندە مۆنی بڵێت: ئاوها ئیتر لەسەر داخوازیی جوامێر: دەرپێ داکەندنی بەردەوامی من، بووە شێوەیەکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێر زەمینی. هەر لەبەر خاتری حیزب و لەبەر خاتری جوامێر ژیانی من، هەتا ئێستاش هەمووی بووە بەردەوام بەردەوام دەرپێ داکەندن)).** (پیربالٌ، ل31).

ئەگەر سەیری ئەم دوو مۆنۆلۆگە بکەین، بە تەواوی هەست بە ئاڵۆزی و نائارامی و ناچارکردنی (ئەختەر) بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ (مولازم تەحسین) دەکەین، هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا (جوامێر) چ پیاوێك و تا چەند وەفای بۆ (ئەختەر) هەیە، یاخود تا چەند بەڕاستی (ئەختەر)ی، خۆشدەوێت، چونکە چۆن دەبێ و چۆن کۆمەڵگەی کوردی ڕێگە بەمە دەدات، کەسێك بە تەما بێت کەسێك بکاتە ژنی خۆی و ڕێگەشی پێبدات لەگەڵ پیاوی تردا بنووێت و بە ئارەزووی خۆی یاری بە جەستەی بکات، لێرەوە ڕوویێکی تری (جوامێر) ئاشکرا دەبێ، کە

ئەویش ئەوەیە، کە چۆن چۆنی (ئەختەر) لە کۆڵە خۆی بکاتەوە و تووشی (مولازم تەحسین) بکات، بۆ ئەوەی ئاشکرا بێت، کە (ئەختەر) لەگەڵ (جوامێر)یش، پەیوەندی هەیە و بەعسییەکان بیکوژن، لێرەوە هەڵپەرستی و بەرژەوەندی و درۆ و فێڵەکانی (جوامێر) بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، بەڵام (ئەختەر) سادە و ساکاری بە ئاوات بوون بە ژنی (جوامێر)ە، لەوە تێناگات و بەردەوام دەبێتە قوربانی و یاری حەز و ئارەزووە گڵاوەکانی (جوامێر)، ڕۆماننووس زۆر لێهاتووانە توانیوویەتی لەناو دیالۆگدا و لەڕێی نامەوە ئەم مۆنۆلۆگە، کە (مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە)، دروست بکات و خۆشی هەر چەندە بە ڕاناوی (من) دەیگێڕێتەوە، بەڵام لە پشت ئەم ڕاناوە (ئەو)ی، نووسەر، یاخود حیکایەتخوان خۆی حەشارداوە و جووڵە بە کارەکتەر دەکات و لە ناخی دەدوێ لە ڕاستیدا یاریکردن بە ڕاناوەکان لەلایەن ڕۆماننووسەوە تەنها هۆیەك نییە بۆ جیاوازیکردنی ئاستەکانی ئاگایی و بێئاگایی ئەو کەسانە.

**٢. ٤. خۆدواندن:**

ئەم بەشەی، یاخود جۆری مۆنۆلۆگ خۆدواندنە لەگەڵ خود، کارەکتەر هەست و بیری خۆی بە دەنگ هەڵبڕین دەردەبڕێت بۆئەوەی گوێگر لە مەبەستەکانی بگات، خۆدواندن ئەوەی هەیە دەیخاتەڕوو، (( لە خۆدواندندا گۆشەنیگای چیرۆکنووس هەر گۆشە نیگای کارەکتەرە و شێوازی قسەکردن تێیدا وەك مۆنۆلۆگ پەرش و بڵاو نییە، چینی هۆش لێرەدا هەردەم لەسەرەوە نزیکە)). (حەمید، 2011، ل203). لەم جۆرە هونەرەدا بە هەردوو ڕاناوی (من)، یان (ئەو) دەخرێتەڕوو، واتە تایبەت نییە بە تەنیا ڕاناوێك، نووسەر ئازادە لەوەی بە کامە ڕاناو ئەو خۆدواندنانە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر لەسەر زاری کارەکتەر، واتە لەم کورتەڕۆمانەدا هەردوو ڕاناو بەکارهاتووە لە خۆدواندنەکاندا ئەمەش بەهرە و زیرەکی ڕۆماننووس دەردەخات لەڕووی هونەر و چێژی نووسینەوە. لە خۆدواندنێك، کەلەلایەن (ئەختەر)ەوە، کە بە ڕاناوی کەسی نادیار (ئەو) لەسەر زاری کارەکتەر دەخاتەڕوو، بە ئاشکرا هەست بە گۆشەنیگای حیکایەتخوان (نووسەر) دەکەین، کە چۆن وەك کارەکتەر خۆی دەناسێنێ (ئەختەر) دەدوێت: **(( بۆتە دۆستی**

**- قەحپەی تایبەتی خۆیەتی، ئیتر**

**- دەڵێن ئێستا لە ئەو زیاتر ناداتە کەسی دیکە.**

**- مەسلەحەتە.**

**- قەحپەیەکی کورد و ئەمنێکی عارەبی بەعسی!**

**- باشە، ئێستا بۆ خۆی خەیاتی جلچنی و لیفکە چنییەکەشی لەکۆڵ بۆتەوە**

**- کەسیش چیتر ناتوانی جارێکی دیکە مەزبەتی لێ بکات و لە گەڕەك دەربکا!**

**- دەڵێین،**

**- نەخێر، گەوادی بۆ دەکا!**

**- ئەدی بەستەزمانە بەچی بژی؟!**

**- بەڵام ئەختەر تەنیا یەك دۆستی نییە، ئەمەیان سەیرە !**

**- لەگەڵ مەڕ ئاودەخواتەوە و لەگەڵ گورکیش دەلەوەڕێ.**

**- کەس لەو ژنە تێناگا!**

**- ئەختەر دەیان قسەی دیکەی لەو بابەتانەی خەڵك لە مێشکیدا دەزرەنگایەوە.**
**- خەفەتێکی زۆری بەبیستنی ئەم قسەو قسەلۆکانە...)).** ( پیربال، ل32-34).

لەم خۆدواندنە لەوە دەگەین، ئەوا ڕۆماننووس وەك حیکایەتخوان لەسەر زەین و دواندنی کارەکتەر ئەوە ئاشکرا بکات، کەوا خەڵك و دراوسێ چۆن باسی (ئەختەر) دەکەن و چۆن تێیدەڕوانن و چۆن (ئەختەر) بۆتە باس و خواسی سەر زاری خەڵکی گەڕەك و بنێشتە خۆشەی ژنانی کۆڵان.

هەر لە خۆدواندنێکی دیکەدا، کە (ئەختەر) بە هەمان شێوە لەڕێگەی ڕاناوی کەسی سەربەخۆ (ئەو) دەربڕاوە **((کاغەزێکی سپیی درێژی لەسەر بالیفەکە لە بەردەم خۆی دانا ئەم جارە چی بنووسم؟ چیان لێ داوا کردبوو؟ لەم ڕۆژانەدا زیاتر لە چل و پێنج ماڵە کوردی خەڵکی سلێمانی لە سلێمانییەوە چوو بوونە بەغدا بۆ سەردانی هەڤاڵی تێکۆشەر صەدام حسێن هەر خێزانێکیش چەندی لە توانای دەسەڵات بووبێ، بە کیلۆ خشڵ و ئاڵتوونی لەگەڵ خۆی بردوو بۆ ئەوەی تەبەروعی بکات بۆ جەنگاوەرەکانی سەنگەری شەڕ دژی فورسە مەجووسەکانی ئێران))** (پیربال، ل33). لێرەدا لە ڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە ئاماژە بە شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەکات و کە چۆن بەشێك لە خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی شاری سلێمانی بە تایبەتی ئامادەن بە سەر و ماڵ بۆ بەرژەوەندی خۆیان زێڕ و پارە و شتی گرانبەها پێشکەش بە((صدام حسێن)) دەکەن، دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە ئەو کارە چەندە قێزەوەن و ناشیرینە بۆ کورد یارمەتی دوژمنی خۆی بدات و بە پارە و زێڕی خۆیان کەسی خۆیان (کورد) بدەن لە سێدارە و لەناو بردنییان.

لە خۆدواندنێکی **دیکەدا ((جوامێر لە بەر خۆیەوە وەك لە شتێك پەشیمان بووبێتەوە، غەمگینانە گووتی:**
**کتێب لە سەرەتادا هەمووومان فێر دەکات، لە ئەنجامیشدا هەمووومان ترسنۆك)).** ( پیربال، ل54).

لە خۆدواندنێکی دیکەی (جوامێر)، کە ئەمە درێژترین خۆدواندنە لەناو ئەم کورتەڕۆمانەدا، کە تێیدا کۆمەڵێك باس و مەسەلەی گرنگ دەخرێتەڕوو، بۆئەوەی خوێنەر لێی بەئاگا بێت، هەر لەبارەی کارەکتەری (جوامێر) درۆ و فێڵ و تەفرە و بەکارهێنانی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و مەکتەبی سیاسی و شۆڕش و سەرکردایەتی و نائارامی و دڵەڕاوکێی "جوامێر"...هتد. **(( جوامێر دڵنیام ئەمجارەشیان دیسان، هەمان دەمەقاڵێ لە نێوانماندا پەیدا دەبێ. ئەم جارەشیان دیسان، هەر کە دەگەمە ناو حەوشەکە، یەکسەر لەناو حەوشەکە یەخەی وەڵامم دەگرێ. چی بکەم؟ چی پێ بڵێم؟ چۆن دڵم دێ ڕێك و ڕەوان پێی بڵێم: ئەختەر گیان من تۆم بە قەد بیلبیلەکانی چاوی خۆم خۆش دەوێت، تۆ نیوەی دڵ و گیانی منیت، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا هەموو سلێمانی تۆ بە ((سۆزانی)) دەناسن ڕاستیەکەی من ناتوانم تۆ بکەمە ژنی خۆم! چۆن دەتوانم دیسان پێی بڵێم: جارێ چاوەڕێ بە! چۆن جەسارەت بکەم پێی بڵێم: هەڵەی خۆشم بوو، دەبووایە زووتر فریات بکەوم، دەبووایە هەر لە ئەوەڵەوە، کە کردتم بە ژن لەگەڵ خۆمدا بتبەم، چۆن بتوانم ئاوها ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا ئەم قسانەی پێ بڵێم...، ئۆف... خوایەکا... وویژدانم چەنێك ئازارم**

**دەدات!...، ئەی جەسارەت و کەرامەت و وەفا، من باشتر وایە ببمە تنۆکێك فرمێسك و دابرژێمە ناخی زەوی، ئەفسووس! ئەم هەموو کتێب و ڕۆشنبیری و تیۆرییانەی لەبارەی مەرگەساتی ئافرەتی بەستە زمان خوێندمنەوە...، کەچی هێزی ئەوەم پێ نابەخشن جەسارەت بکەم خۆشەویسترین ئافرەتی ژیانم ڕزگار بکەم! ئەم هەمووو بانگەشەو ئیدیعا مارکسی و ڕۆشنفیکرانەیەم کوانێن؟! بۆچی لەبەردەم سادەترین پەنجە بۆ درێژ کردنی خەڵکدا هێزیان دەپوکێتەوە...، ئاخ کتێب و تیۆر و ڕۆشنبیری... لەوە دەچێ لە درۆیەکی گەورە زیاتر هیچی دیکە نەبن ئەی وویژدان...، هیچ نەبێ وویژدان هەندێ جەسارەتم بداتێ...، بە ڕاستی پێشمەرگە مرۆڤێکی ئاسایی نییە،...، ئێمەی پێشمەرگە بووینەتە کۆمەڵێك ئاژەڵی سەرەتایی ناو ئەم شاخ و داخە بێ کەڵکانە... ئۆف!)).** ( پیرباڵ، ل84-88).

ئەم خۆدواندنە لە ڕێگەی ڕاناوی (من)ی کارەکتەر خراوەتەڕوو بەم هۆیەوە دەتوانین لە ئامانج و مەبەستەکانی (جوامێر) بگەین، کە چۆن لەگەڵ ئەوەی خۆی بە کەسێکی ڕۆشنبیر و چەپ دەزانی، بەڵام ئامادە نییە، ڕووبەرووی کۆمەڵگە بوەستێتەوە ئەم ئافرەتە (ئەختەر) ڕزگار بکات لەم ژیانەی کە خۆی بۆی دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەتوانێ ئەنجامی بدات. لێرەدا نووسەر هەرچەندە (جوامێر)مان، بە جلی پێشمەرگایەتی پێ دەناسێنێت و وەك شۆڕشگێرێك، کە چۆن دژی حیزبی بەعس چالاکی دەکات و لە سلێمانی ناوبانگی داوەتەوە. بۆتە ئەفسانە، بەڵام ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە چۆن بە درۆ و فرت و فێڵ و تەڵەکەبازی فریوی (ئەختەر) دەدات و بە ناشەرعی دەیکاتە ژن، کە ئەمەش کارێکی خراپ و قێزەوەنە لەڕووی ئایین و یاسا و کۆمەڵایەتی و دابونەریتەوە. کەواتە خوێنەری دەق ئەو خوێنەرەی بەئاگایەوە دەقەکە (ڕۆمانەکە) دەخوێنێتەوە تێدەگا لەوەی، کە ئایا (جوامێر) بە ڕاستی پێشمەرگەیە و هەڵگری ئەم وشە پیرۆزەیە، یاخود تەنیا کەسێك بەناو پێشمەرگە و لە ژێر جلی پێشمەرگە و بەناوی شۆڕش و شاخەوە مەرامەکانی خۆی پێ جێبەجێ دەکات و هیچ وەفایەکی بۆ نیشتیمان نییە، هەروەکو بۆ (ئەختەر)ی نەبووە....هتد. لە خۆدواندنێکی تردا، کە (جوامێر) وەك حیکایەتخوان دەدوێت **(( لەبەر خۆیەوە دەڵێت: چۆن دڵم بێ؟ چی پێ بڵێم؟ چۆن دەست پێ بکەم؟ ئەمە پلانێکە و بۆ پەپوولەیەك دەنرێتەوە! ئەمە سێدارەیەکە و بۆ دڵم هەڵخراوە! چۆن دەمی قسەم هەڵبهێنم...!؟**
**ها جوامێر ئەم وورتە وورتە چییە لەبەر خۆتەوە؟)).** ( پیربال، ل102).

ئەم خۆدواندنە بەهۆی ڕاناوی کەسی (من) یەکەم پێشکەشکراوە، کە لەڕێگەی (پرسیار و وەڵام) ئەم شێوازە لەهەموو جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دەبیندرێت بە تایبەتی لەناو ئەم کورتەڕۆمانەدا، چونکە ڕۆمانێکە فرەدەنگە و هەڵگری کۆمەڵێك گۆشەنیگای جیاوازە، کە لەلایەن کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکانەوە خراوەتەڕوو. هەروەها لە بارەی ڕووداوەوە تاکە ڕەگەزێکە، کە لە مۆنۆلۆگدا لە گۆڕانە هەسپێکراوەکان پارێزراو بێت ڕەگەزی ڕووداوە، چونکە گواستنەوەی کردەی گفتوگۆ لە جیهانی دەرەوە بۆ دەروونی کەسێتییەکان و خۆدواندن، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ڕووداوەکان و ئەوەی گۆڕانی بەسەر دادێ، تەنیا خێرایی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکانە.

## ئەنجامەکان

1- ڕۆمان و کورتەڕۆمان ژانرێکی سەردەمیانەن، بۆ وەڵامدەرەوەی چێژی جەماوەر و خوێنەرانن. و شوێنی ژانرەکانی دیکەی لەق کردووە.

2- ڕەخنەگر و توێژەرانی گێڕانەوەناسی بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر"مۆنۆلۆگ"یان، دەستنیشانکردووە، وەك:( مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆدواندن)ە.

3- نووسەر لە کورتەڕۆمانی " مولازم تەحسین و شتیی تریش" دا. بەئاگاییەوە مامەڵەی هونەری مۆنۆلۆگدا کردووە، ئەمەش وایکردووە لەزۆربەی لاپەڕەکان ئەم کورتەڕۆمانەدا بەرجەستەیان بکات.

4- نووسەر هەموو جۆرەکانی مۆنۆلۆگی بەکارهێناوە، بەڵام زیاتر پەنای بۆ مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆی بردووە و بەکاریهێناوە، چونکە نووسەر بەم شێوەیە زیاتر دەتوانێ بیروڕا و ئایدیای خۆی لەسەر زمانی کارەکتەر بگێڕێتەوە، نووسەریش بەمەبەست ئەم کارەی کردووە.

5- فەرهاد پیربال، یەکەم نووسەرەی کوردە شێوەی مۆنۆلۆگەکانی بەو شێوە درێژەی گێڕانەوە، لەسەر زمانی کارەکتەرەکان بگێڕێتەوە، کە پێشتر لای نووسەرەکان، مۆنۆلۆگ بە دەربڕینێکی کورت دەخرانەڕوو. ئەم کورتەڕۆمانە یەکەم بەرهەمی ئەدەبیە بەم تەکنیکە جیاوازە پێشکەش بکرێت، واتە دەقەکە بەشێوەیەکی ئاسۆی خراوەتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەدەبی کوردی و دەقی گێڕانەوەی سەردی نوێیە.

٦- ڕۆماننووس بەهۆی هونەری مۆنۆلۆگەوە بەتایبەتی مۆتۆلۆگی ناڕاستەوخۆ و خۆدواندنەوە و شەپۆلی هۆشەوە بەشێکی زۆر لە حاڵەتە دەروونییەکانی کارەکتەرەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات، بەتایبەتی ئەختەر و جوامێر.

7- ئەو مۆنۆلۆگانەی کە لە کورتەڕۆمانی ( مولازم تەحسین و شتی تریش ) مەزرێندراوە، لەپاڵ ئەوەی وەک هونەرێکی گێڕانەوە دەتوانین بەرجەستەیان بکەین، لەگەڵ ئەمەشدا شێوە و شێواز و چۆنیەتی دابەشبوونی مۆنۆلۆگەکان لەسەر لاپەڕەی کورتەڕۆمانەکە بەشێوەیەکی هونەرییانە هەستیان پێدەکرێت، ئەمەش وای لە خوێنەر کردووە بێبەش نەبێت لە چێژی گێڕانەوە لەرێگەی جۆرەجیاوازەکانی مۆنۆلۆگەوە.

## سەچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**- کتێبەکان:**

- ئەڵوەنی، نجم خالد. (2011). سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە، ، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئەحمەد، سەمەد. ( 2003). لەناو بازنەی دەقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- پیربال، فەرهاد. ( 2001 ). کورتەڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش، چاپی سێیەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی.
- حسن، مەریوان عمر. (2011). سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتەچیرۆکی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
- خدر، ڕێزان ڕەحمان. ( 2007). تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبداللە سەراج) دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- سابیر، پەرێز. (2001). بینای هونەریی چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سەڕاج، عەبدوڵڵا. (2007). بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عومەر، سەڵاح. (2010). ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- محموود، ئازاد ئەحمەد. (2008). شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- محمد، میران جلال. (2009). بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

- دیار فایەق. (2013) شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی کوردیی کوردستان (بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، 1970-2002)، نامەی دکتۆرا- زانکۆی سلێمانی- سکوڵی زمان- بەشی زمانی کوردی، سلێمانی.
- بهزاد فەتاح خورشید، هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانەکانی (ڕێواس ئەحمەد)دا، نامەی ماستەر- زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان، 2015، هەولێر.
- خلیل، سمیە نجیب. (2010) ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کورد دا ( 2000-2009) نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- حمید، پەری صالح. (2011). گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی ئەحمەد محمد ئیسماعیل، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان- بەشی زمانی کوردی- هەولێر.

- شێخ محمد، سەنگەر قادر. (2007). بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان) ی بەختیار عەلی، نامەی ماستەر- زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان- بەشی زمانی کوردی، هەولێر.
- قادر، کارزان محسین. (2009). سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی (1991-2000) نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**گۆڤارەکان:**

- حسین، بەیان أحمد. (2013). ئەدەب و هونەر، ژمارە( 5986)، هەولێر.
- عارف، حسین. (1977). شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی 1970 دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (63).
- عزیز، فەرهاد. (2021). گێڕانەوە، گۆڤارێکی تایبەتە بە گێڕانەوەناسی، ژمارە(1)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (؟). هەولێر.

**سەرچاوەعەرەبییەکان:**

- بن ذريل، عدنان. (2000). النص والاسلوبية بين النظريهة والتطبيق، من منشورات اتحاد الكتاب العرب.
- عبدالسلام، فاتح. (1999). الحوار القصصي، تقنياتة و علاقات السرية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، المطبعة الاولى، بيروت.
- مدانات، عدى. (2010). فن القصة (وجهه نضر و تجربة) المطبعة الأهلية للنشر والتوزيع، الأردن.
- نجيب العوفي. (1987). مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية، المركز الثقافي العربي بيروت- لبنان- دار البيضاء المغريبي، الطبعة الاولى، بيروت.
- همفری، روبرت. (1975). تيارالوعي فى الروايهة الحديثه، ترجمهة، محمود الربيعي، دار المعارف، مطابع دار المعارفة، مصر.